# لە زرگوێزەوە بۆ ئۆکرانیا

دیداری: هەڵمەت و بابان

له زڕگوێزەوە بۆ ئۆکرانیا
دیدارێ: هەڵمەت و بابان
تایپ: ئامادەکاران
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٤

له بلاّوکراوەکانی ئینتیشاراتی ناوەندیی کۆمەڵه

# لە زرگوێزەوە
# بۆ ئۆكرانیا

## پێشەکی

ئەم ناميلكەيە، ئەگەرچی ديدارێكی كورتی گرتوەتە خۆی، بەڵام قسەو باسێكی گرنگە لەسەر رووداوەكان و ئاڵوگۆڕەكانی بەتايبەت كوردستانی عێراق لە نێوان دوو هەڵبژاردندا يان لەكات و ساتی سەرهەڵدان و دروستبوونی قەيرانی سياسی چ لەناوخۆی ئەحزابی سياسی لە كوردستانی عێراق، چ لەدەرەوە لەگەڵ حكومەتی عێراقی و قەيرانە ناوچەيەكاندا كە پێويستی بە لێكدانەوەيەكی ورد هەبوو. بەتايبەت كە چاوەڕواندەكرێت هاوكێشە سياسيەكان ئاڵوگۆڕی زۆر بەخۆيانەوە ببينن.

لەم ديدارەدا ئيبراهيمی عەليزادە، سكرتێری رێكخراوی كوردستانی- حزبی كۆمۆنيستی ئێران (كۆمەڵە) بەوردی لەسەر بارودۆخی سياسی كورد لە پارچەكانی تری كوردستانی ئێران، توركيا و سوريا وەستاوە و بەگشتی روانگە و رەخنە و لێكدانەوەكانی بەو شكڵەيە. گەر كورد دراسەی باشی بارودۆخەكە بكات، دەتوانێت لەم نێوەدا سودمەندبێت بە قازانجی بەرژەوەنديەكانی خەڵكی كورد لە هەركام لەو پارچانە رووداوەكان بچێتە پێش.

لە پەیوەست بە رووداوەکانی سوریا، تورکیا و دەخاڵەتی وڵاتانی ئێران و سوننی لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا. عەلیزادە بەوردی لەسەر هەموو ئەو کێشە و قەیرانانە و داهاتوی ئەو ئەجێندایانە وەستاوە و پێیوایە هەر کام لەو وڵاتانە بە خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆیان رۆڵ دەگێڕن.

لەم دیدارەدا بەوردی روانگەکانی خۆی لەسەر زۆربەی قەیرانە گەرم و گرنگەکانی ناوچەکە خستوەتەوە و تا دەگات بە سەرهەڵدانی قەیرانەکانی نێوان سوریا، ئۆکرانیا و ململانێی نێوان جەمسەرە گەورەکان. نامیلکەی (لە زرگوێزەوە بۆ ئۆکرانیا) لێکدانەوەی رووداوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، وڵاتانی ئیقلیمی و ناوچەکەیە تا دەگات بە سەرهەڵدانی کێشەی روسیا و ئۆکرانیا.

**هەڵمەت و بابان**

***ماوەیەکە میدیاکانی هەرێمی کوردستان زۆر (فۆکس) یان لەسەر بەرێزتانە، تیشك دەخەنەسەر ئێوە، لە دوایین چاوپێکەوتنندا گلەییتان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کردبوو، هۆکاری چییە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەڵسەنگاندنی سیاسی و ڕەخنەی ئێمە بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان نابێ تێکەڵ بە گلەییەکی سادە بکرێت، کە ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کردومانە. گلەیەکە پێوەندی بە دانانی دەفتەر (نوێنەراتی کۆمەڵە) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و چارەسەر بونیشی ناکرێ دژوار بێت. رەخنە و تێبینیەکانی ئێمە گەلێك ئەولاتری ئەو مەسەلەیەن.

***ئەو ڕەخنە و تێبینیانەی کە باسی دەکەی لە سەر قەیرانی ئێستای حکومەتی هەرێم و بەغدا کامانەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بە بڕوای من ئەوە لانی کەم بۆ جاری دووەمە کەحکومەتی هەرێم دەکەوێتە ناو بۆسەیەکەوە، کە نوری مالکی بۆی ناوەتەوە.

هەرکات مالکی ئیشی بە دەنگی خەڵکی عەرەبی سوننە مەزهەبی پارێزگاکانی کەرکوک و دیالە دەبێت، هەرکات دەیەوێت کۆماری ئیسلامی و ئەمەریکا لە حکومەتی هەرێم هانبدات، بزوتنەوەی شۆڤێنی خۆی لەو ناوچانە و لە هەموو عیراق دەست پێدەکات.

جاری پێشوو بە تۆزێك جوڵەی عەسکەری ئەو ئامانجەی خۆی پێکا، ئەویش بە حیزبە سیاسەکان چەکداری کوردستانی خستە مەلە. لە ئاکامدا دوو بەرەکایەتی و کێشەکانی کورد و عەرەبی لە کەرکوك و ناوچە دابراوەکانی کوردستان پەرەپێدا و لە ئاوی لێڵ ماسی خۆی گرت.

ئەم جارە بۆسەکە ئابوری بوو، بە ناشەفاف هێشتنەوەی یاسای نەوت و گازی عێراقی، چاوی لە پێشکەوتنی پیشەسازی نەوت لە

هەرێمی کوردستان، لە گرێبەستە نەوتیەکان، لەنزیکبونەوەی حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی تورکیا، نوقاند و ئەگەر بۆڵەیەکیشی کردبێ بەکردەوە زۆرتر دەوری هاندەری بینیوە، نەك ئەوەی پێشی پێ بگرێت.

کێشەی ئێستای بەغداد و هەرێم روداوێکی کتوپرو ناکاو نەبوو، چاوەروان کراوبوو.

بۆچی حکومەتی هەرێم کەوتە ناو ئەو بۆسەوە؟ حکومەتی هەرێم توشی بەراوردێکی خۆشبینانە لە هاوسەنگی هێز لە نێوان خۆی و دەوڵەتی ناوەندی بوو، هەروەها هەڵسەنگاندێکی نادەقیقی لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر عیراق، بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان بوو. ئەوەی کە لە کێشەی هەرێم و بەغدا ئەمەریکا لایەنی بەغدا دەگرێ قابیلی پێشبینی بوو.

یەکەم، مالیکی دەستوری عێراقی باش دەناسێ، دەزانی ئەگەر رۆژێك لە رۆژان کێشەی دەستوری بێتە گۆڕێ لە کوێ پێش بە تێپەربوونی حکومەتی هەرێم لە فیدراڵیەت بگرێت..

دووەم: مالیکی سیاسەتی ئەمەریکای بەرامبەر بە کێشە کورد دەناسێ، واتە دەزانێ ئەگەر رۆژێك لە ڕۆژان کێشەی خۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەرێتە بەردەم دەوڵەتی

ئەمەریکا، ئەمان چۆن لێکیدەدەنەوە و چۆن هەڵوێستی لەبارەوە دەگرن .

بۆ ماوەیەك روداوەکانی مصر، سوریا، سەرجەم رووداوەکـانـی باکوری ئەفەریقا و رۆژهەڵاتـی نـاوەڕاسـت کێشە و مەسەلەکانی عێراقی لە یەکەمین و گرنگی خستبوو، زۆر خـۆی بە کێشەی عێراقەوە ماندو نەدەکرد، لەبەر ئەوەی کێشەی گەورەتری بۆ خولقابوو، ئەوماوەیە هەر ئەو خەمساردییە و کەمێك دوورکەوتنەوە لە مەسەلەی عێراق بۆ ئەمەریکا وایکردبوو، کە حکومەتی هەرێم لایوابوو ئەمەریکا چاوپۆشی دەکـات، لە تێپەربونی هەرێم لە یاساکانی فیدراڵیەت بەرەو کونفیدراڵیەت و ... هیتر.

ئـاشـکـرایـە بـە فـیـدراڵ بـوونـی هەرێمی کـوردسـتـان کێشەی نـەتـەوایـەتـی کـورد لەو هەرێمە چـارەسـەر ناکات، چونکە جەمسەرە سەرەکیەکانی دەسەڵات کە بریتین لە ئابوری، ئەرتەش و پەیوەندییەکانی دەرەوە بەدەست دەوڵەتی مەرکەزییەوەن.

ئەو بارودۆخە تاماوەیەك دەتوانێت لە ژێر سێبەری کەسایەتیەکان، یان لە ژێر سێبەری ڕابـردو درێـژەی هەبێت، بـەڵام لـە کۆتاییدا هەرسێکیان بە قازانجی حکومەتی ناوەندی

دەکەونە کار.. هەرێم دەیویست لەوە تێپەڕێت، تەنانەت هەندێکجار وا ناوزەند دەکرا، کە ئەمانە هەنگاونانە بۆ سەربەخۆ بوون، جۆرێك لە نزیك بوونەوەیە لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.

فاکتەرێکی دیکە کە هاتە ناو کێشەکانەوە، بریتی بوو لە دەوڵەتی تورکیا بەبۆنەی ئەوەی کە پێوستییەکی زۆر هەمیشەیی و بنەرەتی بە نەوت و گازی عێراق و کوردستان هەبوو، زۆر تامەزرۆی ئەوەبوو کە لەو سامانە کەڵك وەربگرێت. چ بۆ خەرجی خۆی، چ بۆ هەناردە کردنی. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی تورکیا دەزانێ کە ئاو سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ عێراق، بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی عەرەبی کە بەشێکی زۆری لە وڵاتی تورکیاوە دێت.

دەوڵەتی تورکیا هەوڵدەدات ئەم ئامرازانەی کە بەدەستییەوەیەتی بەکاری بهێنێت، بۆ بوژاندنەوەی ئابوری خۆی، دەوڵەتی تورکیا دەیزانی کە ئابورییەکەی نەبوژێتەوەو هاوسەنگ نەبێت لەگەڵ ئابوری ئەوروپا ناتوانێت بچێتە یەکێتی ئەوروپاوە، ناتوانێت کێشەکانی ناوخۆی وڵاتیش چارەسەر بکات، بە تایبەت لەو دەورەیەدا کە قەیرانی ئابووری هەموو دنیای گرتەوە، ئەمانە هەمووی دەستیاندایە دەست

یەك و هەرێمی کوردستانیان خستە ناوەندی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی تورکیا.

حکومەتی هەرێم هەوڵیدا لەم دەرفەتە کەڵك وەربگرێت، لەجیاتی ئەوەی بۆ دیاریکردنی سیاسەتی خۆی چاوی لە ناوەند بێت، چاوی لە ئەنکەرە بوو، مالیکی بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو، بێگومان دیارە مالیکی هەمیشە کێشەی بۆ حکومەتی هەرێمی دروستکردووە، بەڵام ئەم دوو ساڵەی کۆتایی کە کێشەی نەوت، یان پەسەندکردنی یاسای نەوت هاتە گۆڕێ و هەروا بە هەڵواسراوی مایەوەو دوایانخست، قسەی شەفاف و ڕاستەوخۆ لە گرێبەستەکاندا نەدەکرد، جۆرێکیشیان پیشاندەدا کە بە شتێکی دیکەوە سەرقاڵن، کاتێك کە حکومەتی هەرێم گفتوگۆکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەستپێکرد، ئەو فەرمو لێکردنەیان دایە دەست کۆمپانیاکان کەوا دەتوانن و دڵنیابن کە حکومەتی تورکیا پشتیوانی و پشتگیریان دەکات، ئەوانیش هاتن بە ملیۆنان دۆلاریان خەرجکرد، کە نەوت گەیشتە بەرهەم هێنانی گەورە، کە لولەی نەوتەکە تەواو ئامادەبوو، ئەوجار مالیکی هاتە دەنگ ئەو تەڵەیەی کە نابویەوە ئێستا دەستیکرد بەوەی کە بچێت نێچیرەکەی بگرێت. چوون

بۆ لای دەوڵەتی ئەمەریکا و پێیانوتون ئەرێ ئێوە دەتانەوێت عێراق دابەش بکەن، وتویانە شتێکی وامان مەبەست نییە، پێیانوتون ئەمە دابەشکردنی عێراق نییە ئەی ئەمە جیابوونەوە نییە، لە کاتێکدا ئەوان مەرکەزیەتی کوردەکان بۆتە ئەنکەرە، فەرمون خۆتان شرۆڤەی بکەن، بزانن لەگەڵ کام یەك لە برگەکانی دەستوور یـەك دەگـرێـتـەوە، وتـیـان ئـێـوە ڕاسـتـدەکـەن ئەوانیش وتـیـان ئـەگـەر ئێمە ڕاستدەکەین فەرمون هاوکارمان بن، وا هات کە سەفەرەکەی کـاك مسعود بـۆ ئەمەریکا هـەڵـوەشـایـەوە، قەوانەی کۆنی بونی یەکێتی و پارتی لە لیستی تیروردا لێدرایەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە ساڵەهایە سەرکردە و ڕابەرانی ئەم دوو حزبە سەردانی واشنتۆن دەکەن و گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا دێنە هەرێم چاویان بە سەرکردەکانی هەردوو حزب دەکەوێت، ئەمە فشارێك بوو کە خستیانە سەریان، مالیکیش ئامرازی دەستوری هێنایە گۆڕێ، ئەمانە لە واقیعدا حکومەتی هەرێمیان لاواز کرد، ئەوجا دەستیانکرد بە کارتی فشار کە بریتی بوو لە بودجە، کە ئێمە هەموو ساڵێك بودجەمان ناردووە چەند وەختە بودجەمان دابین کردووە ساڵی وابووە دوانزە ملیار، ساڵی وا هەیە

نۆ ملیار، ساڵێك هەشت ملیار و شەش ملیار، کەواتە لەم چەند ساڵەدا هەر پارە ڕۆشتووە بۆ کوردستان، بەڵام پرسیارەکەی ئەوان ئەوەیە کە ئایا لەم چەند ساڵەدا کە ئێمە پارەمان ناردووە ئێوە بەڵێنەکانی خۆتان جێبەجێکردوە، کە گوزارشت لەوە بکات کە حساب و کتابێکی شەفافمان ڕەوانە بکەن، کە نەوت دەفرۆشن، گومرگ وەردەگرن، دەرامەتتان هەیە.

کۆمەڵێك پرسی لەم چەشنەیان هێنایە گۆڕێ، حکومەتی هەرێمیان خستە ژێر فشارەوە، لێرەدا حکومەتی هەرێم دەیتوانی چی بکات، دەیتوانی بچێتە لای دەوڵەتی تورکیا و پێی بڵێت دەی فەرموو ئەوە ئێستا کاتیەتی پشتگیریمان بکەن، چونکە ئێوە دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەکەن پشتگیریمان بکەن، بەڵام دەوڵەتی تورکیا ئەوکاتە ریشی لە گرێ و کێشەیەکی تردا بوو، دەوڵەتی تورکیا لەو کاتانەدا بوو بە ئامرازێك بۆ پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر ئێران، واتە ژێر بەژێر چی پارە و پوڵی فرۆشراوی نەوتی ئێران بوو لە ڕێگای تورکیاوە نقڵی ئێران دەکرا، جمهوری ئیسلامی ئێران توانی بووی لە ڕێگای تورکیاوە ئەو گەمارۆیانەی کە کرابوونە سەری لەو ڕێگایەوە پێچیان بداتەوە. هەرچی ئەمەریکا

و ئەوروپایە هەوڵیاندەدا ئەو گەمارۆیانەیان چڕتر بکەنەوە، هەستیان دەکرد کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرەی کە پێویستە هەست بە گوشار ناکات، کەلێن و کەلەبەری بۆ دەربازبوون دۆزیوەتەوە، بۆیە هەوڵیاندا ئەو ڕێگایانەی لێبگرن .

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەردۆگان تامی شیرینی ئەو پارەو پوڵەی کە هەروا دەهات و دەڕۆی چەشتبوو، ئابوری وڵاتەکەی تا ئەندازەیەك بوژاندبووەوە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەوە نەدەبوو، ناچاربوون هەروەکو کورد دەڵێت کەمێك گوێی بکێشن، هەتا ئەوکاتەی (فەتحولا گولەن)یان کە بەرهەڵستکارێکی ئەردۆگان بوو لێیان هاندا. ئەوەی کە ئەردۆگان چەندینجار لە لێدوانەکانیدا دەڵێت ئەمە دەستی دەرەکی تێدایە و ناشی شارێتەوە، جار جارە دەڵێت کە دەستی ئەمەریکای تێدایە ڕاستە. ئەمەریکا ئەو پەیامەی پێ گەیاندن کە ئەوان لە سنوری خۆیدا زیاتر پێیتان ڕاکێشاوە، مەوقعیەتی ئەردۆگان زەعیف دەبێت، هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ئەمەریکا بەدەستبهێنێت فشارەکانی (فەتحولا گولەن)ی رکەبەری خۆی پوچەڵ بکاتەوە ناچار دەبێت بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی عێراق هەڵوێستێکی نەرمتر بنوێنێت، پشتی حکومەتی

هەرێم بەربدات بە کرداریش بەریدا، واتە حکومەتی هەرێم لەو نێوەدا دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی کە پێش بینییەکی درێژماوەی کردبێت، بۆ ئابورییەکەی لە حاڵەتی بڕینی بودجە کاریگەری زۆر نەبێت، بەبێ ئەوەی پێشبینی ئەوەی کردبێت لە روی یاساییەوە چۆن دەتوانێت تێپەر بێت لە یاساکانی فیدراڵی، وەڵامی چی بێت بۆ ئەمانە.

***ئایا وەڵام هەیە؟**

بەڵێ دەیتوانی وەڵام هەبێ، بەو مەرجەی جەماوەری خەڵکی بۆ ئامادە کرابایە. وەڵامەکە سیاسی بوو. فیدراڵیزم و یاساکانی کافی نین. دەسەڵاتی زیاترمان دەوێ، بەڵام سیاسەتێکی قەبەی لەم چەشنە ناکرێ لە پشت دەرگای داخراو دابرێژرێت.پێویست بوو جەماوەری بۆ ئامادە بکرێ، تاکو لە پێناوی بەریەوەبردنیدا فیداکاری بۆ بکەن، چونکە ئەو ئامادەکاریە نەکرابوو، بۆیە دەڵێم حکومەتی هەرێم بە داوێکەوە بوو، کە مالیکی نابویەوە.

مەسەلەکە لەوەدا نییە، کە ئەو سیاسەتە هەڵەیە، بەڵکو ئەو سیاسەتە نەیتوانی پشتیوانی خەڵکی بۆ دەستەبەر بکرێت، تا خەڵك ئامادە بێت لە پێناو بەرێوەبردنی فیداکاری بۆ بکات.

***له كاتێكدا پێتوایه ئەمەریكا فشار دەخاتە سەر ئەنكەرە لە بەرامبەر نەفرۆشتنی نەوتی هەرێم، پشتیوانی سیاسەتی مالیكی دەكات كە هەرێمی كوردستان ئەنكەرەی كردۆتە ناوەند، نەك بەغداد بۆچی لەمسەرەوە لەماوەی چەند ساڵی رابردودا رێگا بە گەورە كۆمپانیاكانی وەكو (ئیكسۆن مۆبیل) خۆی دەدات كە نەوت دەربكات، لە كاتێكدا كە دەزانێت ئەمانە كێشەیان هەیە، چونكە شەفاف و یاسایی نین، لەلایەكی ترەوە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان توشی ئەم قەیرانە دەبێت پاڵپشتی لێناكات، ئایا لە سەرەتای هاتنی كۆمپانیاكانیشەوە هەر ئەم بۆچون و تێروانینەی هەبوو، یان لە ئێستادا بارودۆخەكە پێویستی بەوە كردووە كە ئەمەریكا بەرژەوەندییەكانی لەوەدایە كە پشتیوانی لە مالیكی بكات، یەكێك لەو فشارانەش توركیا و هەرێمی كوردستانە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: چەند تێبینییەك هەیە لەم بارەیەوە یەكێكیان ئەوەیە، سیاسەتی ئابوری كۆمپانیاكان یەك بەیەك هاوتەریب نییە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتاندا، راستە كۆتاییەكەی بەڵێ دەوڵەتان كاریگەری لەسەر كۆمپانیاكان دادەنێن، هەرچەندە دەزانن كۆمپانیاكان چەند نەتەوەیین.

هیچ کۆمپانیایەك نییە، بتوانرێ بەوردی بزانرێ کە لە فڵانە قۆناغی دیاریکراودا سیاسەتی فڵانە دەوڵەت بەسەردا ناسەپێ.

کۆمپانیاکان سیاسەتی ئابوری سەربەخۆیی خۆیان دادەرێژن. کۆمپانیا هەیە لەو کۆمپانیایانەی کە ناوتانبرد لە زۆر دەوڵەتی دیکەی ئەمڕۆی دنیا گەورەتر و سەرمایەدارتر و دەوڵەمەندترن، لەبەرئەوە کۆمپانیاکان زەمانەتی و گرنتی خۆیان لە لێکدانەوەو شرۆڤەیەك وەردەگرت کە هەیانبوو لەسەر بارودۆخەکە. مەسەلە ئەوەیە دەیانزانی دەوڵەتێکی گەورەی وەك تورکیا کە دەوڵەتێکی گرنگ و دیارە لە ناوچەکە لە پشتیان بێت کێشەیەك نییە، جارێ با بیرە نەوتەکە هەڵبکەندرێت، یان لولە نەوتەکە رابکێشرێت، ئەو نەوتە ئەمڕۆش دەرنەهێندرێت لە ئایندەدا هەر دەردێت و هەر لە رێگەی ئەوانیشەوە دەفرۆشرێت. ئەوان بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە کردویانە پارەیەکە لە پێناوی دەرهێنانی نەوت خەرجی دەکەن و وەریدەگرنەوە، بە ئاسانی پەیدای دەکەنەوە لەکۆتاییدا لە رێگای فرۆشتنەوە قازانجی زۆرتر بەدەستدەهێنن، دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ پێشیان بگرێت و نەهێڵێت کار بکەن، ئەوان کاری خۆیان دەکەن، پێویستە

کۆمپانیا گەورەکانی ئەمەریکی و ئەوروپی بێن لێرە پیشەسازی نەوت پەرەپێبدەن، ئەوە کێشە نییە، چونکە دواجار سیاسەتیان بۆ دادەنرێت .

مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا ئاسایشی ئەم کۆمپانیانە لە مەترسیدایە؟ ئەوان لێکدانەوەیان ئەوەبوو ئاسایشیان نەکەوتبوە مەترسییەوە، لەکاتێکدا دەیانزانی عێراق بەو هەموو نا ئارامی و نا ئاسایشە و شەڕ و کوشتارەی کە تێیدایە، ئەوە کەرکوکە کە گۆمی خوێنە، بەڵام نەوتەکەی بەردەوام دەڕوات، ئەوان کێشەیان نییە، ئەوان دەیانزانی ئەم نا ئاسایشیە گیانی خەڵکی تێدا دەچێت، بەڵام لولەی نەوت کاری خۆی دەکات، لەبەر ئەوە دوو میکانیزمی جیاوازن، هەرچەندە لە کۆتایشدا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە.

***قسەیەکی باو و کلاسیکی هەیە کە دەڵێت (نەوت یان دەبێتە موسیبەت، یان دەبێتە خۆشبەختی بۆ خەڵك)، خەڵکی کوردستان پێیانوابوو کە دەبێتە خۆشگوزەرانی بۆیان، کەچی ئێستا قسەی خەڵك ئەوەیە کە پارەی نەوت لە کوێ یە، تەنانەت خەڵك گەیشتۆتە ئەوەی کە ئیتر باسی دەوڵەتی کوردی مەکەن، لە چاوەڕوانی رامان مەگرن کە ناتوانن دوو مانگ موچەی کارمەند و موچەخۆرەکانتان بدەن، ئەم بۆچوونانە**

**پێتوایە هی واقعییە، یان ناواقعیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ لەبەرئەوەی نەیتوانیوە روداوەکان باش بخوێنێتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پەرەپێدانی پیشەسازی نەوت لە هەرێمی کوردستان کارێکی نەك هەر زوو نەبوو، بەڵکو درەنگیش بوو، کارێکی زۆر پێویست بوو، خەڵکی کورد لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت هیچ زەرەرێك نەکات، لەوەی کە بیرە نەوتییەکان لێبدات بۆریەکان رابکێشێت و هەموو ئیمکانیاتێك ئامادە بکات، بەڵام بەو مەرجەی کە کلیلەکەی بەدەست خۆی بێت.

خەڵك لە چاوەڕوانی ئەوە ڕانەگیرێت کە بە زویی پارەی نەوت دێتە سەر سفرەیانەوە. هەرچی لەم بارەوە هەیە شەفاف و بێ گرێ و گۆڵ بێت. بێگومان لەو حاڵەتەدا لەوانە بوو بەشێك لەو کۆمپانیانە نەهاتبان، بەڵام ئاراستەکە ئاراستەیەکی دروست دەبوو بەو مەرجەی خەڵك تێگەشتایە لێی، خەڵك بیزانیایە کە ئەوەی دەیڵێن بۆری یەك راکێشراوە بۆ تورکیا، یان ئەوانەی کە بە تانکەر دەچوون بۆ ئێران، ئەوانە گرفت نەدەبوون، بەڵام حساب وکتابی رۆشن بوایە، بۆ خەڵك ئەوکات خەڵکی کورد لە هەرێمی کوردستان تێدەگەیشت لەو

مەسەلەیە، لە پێناویدا هەرکات پێویست بوایە ئەوا گرفت و کێشەکانیشی قبوڵ دەکرد، بەڵام کێشە ئەوەیە سیاسەتێکە دروست بەکار نەهێنرا لە پێناو ناردنە دەرەوەی نەوت دا. دەوڵەتی تورکیا زیاتر لێی بەهرەمەند دەبوو، تاکو هەرێمی کوردستان بەوەی کە پارەی ترانزیتی وەردەگرت، بەوەی کە نەوت بە نرخێکی هەرزانتر بە خۆی دەدرا، بەوەی کە پارەی سەرجەم نەوتەکەی لای خۆی رادەگرت و ئابوری خۆی پێ دەبوژاندەوە، وەکو بارمتەیەك لای بوو، کە لە کاتی پێویستدا فشار پێ بخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

*** ئەی ئەو فشارانەی بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەڕەشەی ئەوە دەکات کە وەڵامێکی توندمان دەبێت، ئاشکرایە حکومەتی هەرێم توشی قەیرانی ئابوری بووە، لەروی سیاسی یەوە توشی بۆشاییەکی سیاسی بووە کە نەیتوانیوە حکومەت پێکبهێنێت، نارەزایەتی خەڵکیش لەم مەسەلانەدا هەیە، ئەم فشارانە چین؟ ئایا بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کارتێکیان بەدەستەوەیە بەرامبەر حکومەتی عێراق کە موعجیزەیەك، یان شتێکی سەرسوڕمان بکات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەڕوی مەنتقیەوە ئەم سیاسەتە دەتوانێ بە سێ فاکتەری سەرەکی پشت ئەستور بێت، یەکەم پشتیوانی جەماوەری خەڵك، دووەم ئابوری بەهێز، سێیەم هێزی چەکداری تەیار و بە توانا. خۆ ئەگەر پشتیوانێکی نیو دەوڵەتیشی بۆ دابین بوو بێت هەرەشەکە بەهێزتر دەکات، بەڵام ئەگەر هیچ کام لەم فاکتەرانە دابین نەبوبەن، دوژمن حیسابیان بۆ ناکات، هەڕەشەکردن تەنیا وەك مانۆرێکی دیپلۆماسی چاوی لێدەکرێت.

***ئەی بۆ ئەوە ناخوێنیتەوە ئەم هەموو فشارانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە بۆ شکاندنی هەیمەنەی هەرێمی کوردستان بێت، لە بەرامبەر ئەو بەرەو پێش چونانەی بەتایبەتی نەوت بونیادی ناوە، لەلایەن جەمسەرگیری ئێران و سوریا و مالیکی، چونکە هەردوو دەسەڵاتە زلهێزەکەی هەرێم دابەش بوون لەو قەیرانانە، قەیرانی سوننەو شیعە، هەموو ئەوانە کە وەکو ئەوەی کە تۆ دەڵێی چۆن بوون بە تەڵەی نەوتەوە، بەو جۆرەش بوون بە تەڵەی ئەو قەیرانە سیاسیانەی کە لە ناوچەکەدا خوڵقاوە، بۆ نمونە لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕێك لە ڕۆژئاوای کوردستانی پێکهاتووە، پارتی دیموکراتی کوردستان دژایەتی**

**دەکات، یەکێتی نیشتمانی پشتگیری دەکات، بە واتایەکی تر کە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی سیاسەتەکانی تورکیا دەکات لە ناوچەکەدا، یەکێتیش پشتیوانی سیاسەتەکانی ئێران دەکات، یان یەکێکیان دژایەتی بەشار ئەسەد دەکات، ئەوەی تریان بەشێوەکی ترە، تۆ پێت وانییە، ئەمانە قەیرانێکی ناوچەیی لەسەر هەرێم هەیە بۆ شکاندنی هەیمەنەی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان کۆماری ئیسلامی ئێران وەکو باستان کرد کاریگەری هەیە، ئێستاش تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندیدارە بە سیاسەتی دەرەوە، قسەی کۆتایی لە سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا جمهوری ئیسلامی ئێران دەیکات، دەوڵەتی مالیکی توانیویەتی هاوسەنگییەك لە نێوان سیاسەتی ئەمەریکا و ئێران پێکبهێنێت، واتە جۆرێك هەڵسوکەوت بکات بتوانێت ڕەزامەندی هەردولایان بەدەست بهێنێت، بۆ نمونە ئێمە ئەوە دەزانین کاتی خۆی ئەوە جمهوری ئیسلامییە دەوڵەتی حزبە شیعەکانی عێراق ئاشت دەکاتەوە دەیان نێرێتە واشنتۆن و پەیوەندییان بۆ ئاسایی دەکاتەوە، لەژێر کاریگەری و ڕێنوێنی و هێڵ بۆ کێشانی ئێراندا ئەو کارانە کراوە، لەبەر ئەوە ئاشکرایە

دەبێت هەموو کەس ئەو حسابە بکات.

هیچ کام لەو دەوڵەتانە بە تەبیعەتی خۆیان و بە پێی بەرژەوەندیەکانیان خەمخۆری هەیمەنەی حکومەتی هەرێم نین، هەر کات بۆیان بگونجێ لە شکاندنی ئەو هەیمەنەیە دەست ناپارێزن.

بە پەیامی ئاشتی ناردن بۆ ئێران و بە دیپلۆماسی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی، سیاسەتی رژێمی ئێران لە سەر هەرێمی کوردستان پوچەڵ نابێتەوە. بەتایبەت لەکاتێکدا دەبینین هاوسەنگی هێزی نێوان ئێران و تورکیاش لە هەرێمی کوردستان بە قازانجی تورکیادا گۆراوە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران تواناکانی خۆی و فشاری خۆی بەکاردێنێت، کە ئەو هاوسەنگیە بێنێتەوە سەر جێگەی خۆی. بێگومان جمهوری ئیسلامی ئەو دڵسۆزیانەی کە دەیکات بۆ ئەم حزب و ئەو حزب، ئەو موجامەلاتەی کە دەگوترێ بە مانای ئەوە نییە کە فشار بەکارناهێنێ.

لەلایەکی ترەوە گەر دەوڵەتی تورکیا ئەمڕۆ بە هۆی بارودۆخێك کە تێیدایە سازشێك دەکات. سبەی رۆژ کە دەوڵەتی مەرکەزی عیراق ئەوەی کە دەیەوێ پێی بدات بە ئاسانی پشت لە حکومەتی هەرێم و حیزبەکانیشی دەکات ئەوە سەرەتایترین ئەزمونی ئەو ناوچەیەیە.

دەوڵــەتــی لــەم یــەك دوو ســاڵــەی دوایــیــدا کۆمەڵێك ناکامی یەك لە دوای یەکی بەسەردا هاتووە، خۆی بە ڕابەری مەعنەوی بزوتنەوەی بەهاری عەرەبی دەزانــی ئــەوە لەماوەی یەك ساڵدا پوچەڵ بــوەوە. رۆژانــی سەرەتای دوای هاتنە سەرکاری ئیسلامییەکان ئەردۆگان دەچوو بە چ شانازییەکەوە سەردانی ئەم وڵات و ئەو وڵاتی دەکرد، وەکو ڕابەری مەعنەوی و سیاسی هەموو ئەو بزوتنەوانە بێت، ئەوە پوچەڵ بووە.

لە بواری ئابوریدا سەرەتا پێیانوابوو کە لە قەیرانی جیهانی ڕزگاریان بووە، بەڵام دەرکەوت کـە پێی ئەوانیشی گـرتـۆتـەوە. دەیانویست نەوتی ئاسیایی مەرکەزی لە ڕێگای تورکیاوە بگوازنەوە، بۆ ئەوروپا و بەپەلە ئابورییەکەیانی پـێ ببوژێننەوە ئـەوەیـان بـۆ نـەکـرا، لەگەڵ کـوردەکـانـیـش نەیانتوانی پـرۆسـەی ئاشتی بەڕێوەبەرن، لەناو خۆیاندا دەنگ و هەرای زۆر لەسەر گەندەڵی بەرزبۆتەوە، نارەزایەتی لە ئەستەنبوڵ سەریهەڵدا ئەوانە هەمووی کۆمەڵێك ناکامین کە کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوە لەو وڵاتـەدا، بەتایبەتی سیاسەتێك کە لەسەر بناغەی سیاسەتی هەلپەرستی بینا کرابێت، چونکە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە

ئەوروپا سیاسەتێکە کە بناغەی مادی و واقعییە دەتوانین بڵێین سیاسەتێکی سەقامگیرە، بەڵام سیاسەتەکەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان تەنها کەڵك وەرگرتن بوو لە فرسەتەکان. سیاسەتی تورکیا بەم پێوەرانە هەڵبسەنگیندرێت.

*قەیرانی دارایی لە ئەمەریکاوە بۆ چین، لە پاکستانەوە تا کۆریاوە، تا ئەو پەڕی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا توشی قەیرانی دارایی بوون، بەشێکی زۆر لە بانکەکانیان ئیفلاسیان کرد.

لە هەرێمی کوردستان هیچ باس نەبوو، لەکاتێکدا لە هەموو جیهان بارودۆخەکە باش بووە، کەچی بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان توشی قەیرانی دارایی گەورە بووە و کاریگەری لەسەر خەڵك داناوە، واتە جگە لەو هۆکارانەی باسمکرد دەکرێت پێم بڵێیت بۆچی هەرێمی کوردستان توشی تەنگەشەیەکی ئاوا گەورە بووە، یان پێتوایە ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی یەکێتی و پارتی و گۆڕانە، کە لە ماوەی(٢٠٠) ڕۆژدا ناتوانن حکومەت پێکبهێنن، هەروەها چاوەڕوانی زۆریان لە خەڵکی هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم مانگەدا دیسانەوە خەڵك بچێتەوە پای سندوقەکانی دەنگدان و دەنگیان بۆ بدەن. لەم جیاوازی و هاوکێشە ئاڵۆزانەدا،

**واتە ئەمانە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت بەکوێ، یەکێك لە بەرپرسەکانی ئەو حزبانە پێیوایە مەترسی گەورە لە بەردەم هەرێمی کوردستاندایە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەراوردکردنی قەیرانی دارایی ئابوری هەرێمی کوردستان لەگەڵ قەیرانی ئابوری وڵاتانی پێشکەوتوی دنیادا جارێ زووە، هەرێمی کوردستان هێشتا نەبۆتە دەوڵەتێك کە لەسەر ئابوری خۆی پێدا بگرێت، ئابوری هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای فیدراڵی بە ئابوری عێراقەوە گرێدراوە و ئابوری عێراقیش بە هۆکاری سیاسی قەیرانەکەی جۆرێکی دیکەیە و تا کاتێك قەیرانی سیاسی و ئەمنیەکەی چارەسەر نەکرێت، ئابوریەکەی سەقامگیر نابێت.

لێرە ستراتژێکی درێژ ماوەی ئابوری لە گۆڕێدانییە و ئابوری ئەو وڵاتە ئەمڕۆ بۆ سبەینێ بەرێوەدەچێت.پارەیەك هەیە سەرف دەکرێت و ژیانی خەڵك بەرێوە دەچێت، بەڵام وردە بەهەر رایەك کە حکومەتی هەرێم لە بوون بە پێکهاتەیەکی ئابوری تارادەیەك سەربەخۆ نزیك دەبێتەوە، ئەم تەنگەشانەی ئابوری جیهانی هەرێمیش دەگرێتەوە، ئیتر کۆمپانیاکان هاتوون

لێرە، بەڵام ریشەیان لە رۆژئاوادایە و پارە لێرە خەرج دەکەن قەیران ئەوانیش دەگرێتەوە.

گـەورەتـریـن کـێـشـەی ئـابـوری هەرێمی کوردستان بایەخ نەدانبووە بە بواری کشتوکاڵ. هەرێمی کوردستان هەرێمێك بـوو لە چەند رویـەکـەوە دەیـتـوانـی ئـەو ئیمکانیەتەی کە هەیەتی بیکات بە بنەمایەك بۆ ئابوری خۆی بێ ئەوەی چاوی لەسەر نەوت بێت .

نـەوت دەبـوو سەرمایەگوزاری بوایە، چەند نەوت لە ژێر زەوی هەیە وەك خەزێنەیەکە، کە هەر دەبێتە سەروەتی ئەو وڵاتە بۆ داهاتوو، دەبـوو بەجۆرێك حسابی بـۆ بکرایە، بـەڵام ئەڵتەرناتیڤیش ئەوە نەبوو بێن کارگەدا بنێن، کارگە راستە بۆ کاروباری بیناسازی و خشت و بلۆك و چیمەنتۆ ئەوشتانە ئاساییە، بەڵام قسەش لەسەر ئەوە نەبوو پیشەسازی بەگشتی ببوژێننەوە و لەسەر بنەمای ئەوە ئابوری ئێرە دابنێن. هەمیشە دەتوانی بە واریدات و بەهێنانی ئەو کەلوپەلانە لە دەرەوە پێداویستییەکانی ئێرە دابین بکەیت. ئەگەر رۆژێك لە رۆژان ئەوانە لە بازاڕدا پەیدا دەبن، هیچ نەبێت ئەوە دەرگای چین کراوەتەوە کاڵای هەرزان دێتە ئەم وڵاتەوە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی بە هیچ شتێك پر نەدەکرایەوە

کشتوکاڵ بوو، کشتوکاڵێکی مۆدێرن و ئەمڕۆی لە هەرێمی کوردستان، تەماشاکەن ئابوری ئیسرائیل لەسەر بنەمای کشتوکاڵ بینا کراوە و ئەمەیان کردووە بەوەی کە پێی دەڵێن (کۆما کردنی سەرمایەی سەرەتایی) بۆ گەشەکردنی دوارۆژی وڵات، لێرەش ئاو و زەوی بەپیت هەیە، خۆ ئەگەر کرێکاریش لە کاری خۆی نامۆ نەبێ ئەو وڵاتە وڵاتی ئەویش بێت، دەتوانێ ببێت بە دەوڵەمەند ترین ناوچەی روژهەڵاتی ناوەراست.

بەبروای من ئەوە گەورەترین کێشە بوو، کە نەك هەر فەرامۆشکردن بەڵکو زۆر شتی دیکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنایە گۆرێ، ئەو وردە کشتوکاڵەی کە خەڵك لە دێهات و لادێکانی هەرێم دەیانکرد ئەوەش پوکایەوە و نەما، هەموو کەس بوو بە موچەخۆر و تاعین کراو، ئەمەش وایکرد نە شوان پەیدا دەبوو، نە وەرزێرێك دڵی بەو دەرامەتە خۆشبوو کە دەستیدەکەوت.

بەڵام ئەم کارە بە دەوڵەت دەکرا، لەبەرئەوە کاری بوژاندنەوەی کشتوکاڵی بەو سیاسەتە نەدەکرا کە دەڵێن هەر ماڵە چەند دانە مەڕیان دەدەینێ بۆ ئەوەی کە ئاژەڵداری ببوژێتەوە، یان یارمەتی دەدەین بە فلانە ئاوایی ئەمە بە پرۆژەی گەورە دەکرێت، چونکە پرۆژەی گەورەیە

چاوی لە داهاتی کورت ماوە نییە.
کەواتە دەمەوێت بڵێم لە ڕوی ئابورییەوە نەوت کاری خۆی دەکات، ئایا لە ژێر زەوی رای دەگرێت، یان دەیهێنێتە دەرەوە، ئەمانە هەردوکی قبوڵە بەڵام دەبێ حیسابی ئەوەی بۆ بکەی کە دەستراگەیشتن بە داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی بابەتێکی ئابوری بێت، کێشەیەکی سیاسیە.
فاکتەری دووەم خەڵك زۆر زوو فەرامۆش و پەراوێز خرا، خەڵك خەمسارد بوو بەرامبەر دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی بە هەستێکی کۆمەڵایەتی گشتی پەروەردە بێت، بە هەستی بەرگری لە بەرژەوەندی تایبەتی بەرجەستە بوو، واتە هەرکەسە لە فکر و قازانجی خۆیدا بوو، لە دژوارترین ساڵەکانی حکومەتدا خەڵك ئاوا نەبوو، هاوپشتییەك هەبوو لەنێوان خەڵکدا هەموو سەختییەکی قبوڵ دەکرد، ئەو هەموو تاوانەی کە حکومەتی بەعس دەیکرد نەدەبووە هۆی ئەوەی کە خەڵك لە پێشمەرگە بتەکێتەوە و پشتیوانی نەکات، نیگەرانی هیچ شتێکیش نەدەبوون لە ئەنفال و کیمیاباران کردن و دەربەدەری و ئەو هەموو نەهامەتیە کە هات بەسەر ئەو خەڵکەدا نەیانتوانی چۆك بەو خەڵکە دابدەن، چونکە

بزوتنەوەکەیان ڕەوا بوو، چونکە بە گژ ڕژێمێکی دیکتاتوری جینایەتکاردا چووبوون. ئەم خەڵکە و ئەو هێزەی لەو وڵاتە پەنگی خواردبوەوە، ئەگەر لە دەسەڵات نامۆ نەبێ تەنانەت دەیتوانی پیلانی دەوڵەتانی هەرێمیش پووچەڵ کاتەوە.

***هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت بۆتەوە کە بە بۆچونی تۆ ململانێی پێنج هێزە براوەکە، یان بەتایبەتی تر ئەو سێ هێزە(یەکێتی، پارتی، گۆڕان) هەرێمی کوردستان بەکوێ دەگەیەنێت، هەروەها هۆکارە سەرەکییەکانی کێشەو ململانێی ئەم هێزانە بۆچی دەگەڕێتەوە، تاچەند ئەم هێزانە دەتوانن لە داهاتودا یەکگرتوانە بەردەوام بن، یان جارێکی تر هەرێمی کوردستان توشی ڕووبەڕووی قەیران وکێشەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بوون و شەڕ و کوشتار بێتەوە ناکۆکی و ململانێ دەبێتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من بونی پێنج هێز کە لەگەڵ یەکتری خەریکی ململانێن هیچ دیاردەیەکی سلبی نییە، لە هەموو دنیادا هەروایە هێزی جۆراو جۆر هەن خەریکی ململانێن و ناکۆکیان هەیە و لە بواری سیاسی، فکری، ستراتیجییەوە ململانێ دەکەن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە نەریتی دیموکراتیك نەچووەتە

ناخی ئەو کۆمەڵگایەوە. نەبۆتە کولتور، نەبۆتە دامەزراو و موئەسەسە. ئەو نەریتە بریتی نییە لە کۆمەڵێك ڕێوشوێن، کۆمەڵێك فۆرمۆل، سونەتی دیموکراتیك دەبێت بچێتە ناو ناخی جەماوەرە و دەسەڵات بەرانبەر بە جەماوەر وەڵامدەرەوە بێت و هەر کات جەماوەر نەیان ویست بە مکانیزمێکی دیاریکراو بتوانن دەسەڵاتێك کە خۆیان پێیانداوە لێی وەربگرنەوە. دەبێت بوار بۆ بەشداری سیاسی هەموان ڕەخسابێت، هەموو کەس دەبێت خۆی بێ پابەند بزانێت بەرامبەر بەهەموو پرنسیپێکی دیموکراتیك، بۆ نمونە لە چوارچێوەی دیموکراسێکی بۆرژوازیشدا لە فەرەنسا حزب هەیە بە ٣٠٪ دەنگی خەڵکی دێتە سەر حکوم، بەڵام لە ڕۆژی دوای ئەوە کە هاتە سەر حکوم، ئەگەر کێشەیەك هەبێت ئەوە لە چوار چێوەی یاسادا دەیبەنە پێشەوە، بەڵام لێرە کەلێنێك کە دروستبووە لە نێوان دەسەڵات و خەڵك لە جیاتی ئەوەی ئەو ململانێیانە بکاتە شتێکی ئیجابی دەیکات بەشتێکی سلبی.

بە بڕوای من بونی ئەو هێزانە خۆی لە خۆیدا هۆکاری ئەو قەیرانە نییە، بەڵام ئەوەی کە ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن هۆکاری ئەو ناکامییە کە سەرجەم هەرێم توشی بووە،

مەسەلەیەکی فارسی هەیە دەڵێت (ئەسپەکان لە سەربەرەوژوری قەپ لە یەکتر دەگرن) بە بڕوای من لەبەر ئەوەی هیچ کام لەوانە نایەنەوێت بەتەنیا بەرپرسیاریێتی ئەو بارودۆخە بگرنە ئەستۆ، لە کۆتاییدا ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بێت.

بەنمونە گۆڕان ئەوەی کە جەخت دەکاتەوە لەسەر فلانە وەزارەت و ئەوەم دەوێت و ئەو وەزارەتانەم ناوێت، کێشەکە ئەوەنییە کە ململانێی بکات لەسەر ئەوەی پۆستێك بەدەست بێنێت. کێشەکە لەوەدایە ساغ نییە، لەوەی بچێتە دەسەڵاتەوە، چونکە نازانێت ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو دەچێتە ناوی سبەینێ بۆی دەبێتە دەسکەوتێك، یان لەو خەڵکەی کە متمانەیان پێکردووە دوری دەخاتەوە. یان هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بە کردەوە پێك نەهاتووە، چونکە هەر حزبە هێزی چەکداری خۆی هەیە، حزبێك کە هێزی چەکدار، دیپلۆماسی، پارەو پوڵ و ئیمکانیاتی هەیە لە ناوچەیەکی وەکو رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سەردەمی غەیرە شۆڕشگێڕانەدا تەنیا بە دەنگی خەڵك لە دەسەڵات ناکەوێ. لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات کێشە پەیدا دەبێت

ناتوانرێت لەوڵاتێكدا كە پرەنسیپی دیموكراتیك نەچەسپابێت دابەشكردنی دەسەڵات تەنیا لە ڕێگای دەنگی خەڵكەوە نییە .

***دیموكراسی دەتوانێت چ فاكتەرێكی كاریگەر بێت لەو بابەتەدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر خەڵك ڕێز بۆ دەنگی خۆی دابنێت، ئەگەر بە شێوەیەك لە شێوەكان فشار نەخرێتە سەر دەنگی خەڵك و دەنگدان تەعبیر لە ئیرادەی ئازادانە و ڕاستەوخۆی دەنگدەر بكات، دیموكراسی لە هەرێمی كوردستانیش دەتوانێت وەكو هەموو دنیا پەرلەمانێك و حكومەتێكی شەرعی لە چوارچێوەی ئەو نیزامە كۆمەڵایەتیەدا كە نیزامێكی سەرمایەداریە، لێبكەوێتەوە، بەڵام كاتێك پرنسیپی دیموكراتێك لە سەرەوە و لە خوارەوە جێ نەكەوت، ئەو مەرجانەی كە باسكران بەرێوە نەچون، قوڵایی دیموكراسیەكە گومانی لە سەر بوو، تۆ بەو میكانیزمە و لە ڕێگەی دەنگدانەوە هێزێكت لە دەسەڵات خستووە بەبێ ئەوەی لە ڕوی واقعییەوە لە دەسەڵات كەوتبێت.

*** تۆ هەرچەندە پێتوایە جیاوازییەكانی نێوان یەكێتی و پارتی لە ڕوی ئایدۆلۆژی سیاسی و بەرنامەوە زۆر نییە، بەڵام هەندێك پێیانوایە**

**هێزێکی دیموکراتی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەرووی ئازادی میدیای و عەقیدە و ئەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرامبەر هێزێکی سونەتی، یان هێزێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئەو فاکتەرانەی باسمکرد تێیدا لاوازە سەردەکەوێت ئایا ئەمە شتێکی ئاساییە، یان وەك ئەوی تۆ باستکرد لە دەرئەنجامی نەبوونی دیموکراسی، یاخود وابەستەیە بە هۆشیاری کۆمەڵگاوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من هۆشیاری و بەڕێوەبردنی پرنسیپی دیموکراتیك زۆر لەیەکەوە نزیکن، واتە ئەو خەڵکەی کە دەچێت دەنگ دەدات راستە دەنگێك دەخاتە ناو سندوقەکەوە، بەڵام ئەو دەنگە چۆن ئامادە و پەروەردە کراوە و هاندراوە، سونەتی دیموکراسی بەوە دەڵێم ئەگەر ئەو کەسەی کە دەنگ دەخاتە ناو سندوقەکەوە ڕێز بۆ ئەو دەنگەی خۆی دابنێت و بە واقعی بزانێت کە چارەنوسی خۆی دیاریدەکات، تا ئەوەی کە دەچم دەنگێك دەخەمە ناو سندوقەکە بۆ ئەوەی مەسڵەحەتێکم دابین بێت، یان خۆی نەزانێت لەو دەنگەی خۆی چۆن کەڵك وەردەگرێت، ئەمانە هەمووی ناتوانێت لە وڵاتێکدا کە سونەتی دیموکراسی دابین نەبووە

نەچۆتە ناو جەرگەی جەماوەرەوە، لەبەر ئەوە تەنیا دەنگ نییە، کە دەسەڵات یەکلایی دەکاتەوە

***پێتوایە گـۆران وەکـو هێزێکی کاریگەر و ئۆپۆزسیۆن بەچونی بۆ نـاو حکومەت ئەو ئیمتیاز و چاوەڕوانییەی کە خەڵك لێی هەبووە لە دەستیدەدات، یان بە پێچەوانەوە دەتوانێت ئیمتیاز کۆبکاتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە پەیوەندی هەیە بەوەی کە وەختێك دەچێتە ناو حکومەت چۆن هەڵسوکەت دەکات، ئەگەر چووە ناو حکومەت و خۆی بە ڕەنگی ئەوان دەرهێنا، ئەگەر بوو بە هێزێك وەکو ئەوان ئەوە هەر ئەو قەزاوەتەی لەبارەوە دەکرێت کە لە سەر ئەوانی تر دەکرێت، بەتایبەت کە خاوەنی هێزی چەکدار و ئیمکانیاتی دارایی زۆر نییە وەك ئەوان، لەبەر ئەوە هەردولا لەدەستدەدات، واتە هەم متمانەی جەماوەر و هەم ئەوانەش بەدەست ناهێنێت، بەڵام ئەگەر وەکو ئەوان نەکات، هەوڵبدات ئەو پەیمانانەی کە داویەتی ئەوانە جێبەجێ بکات لەوکاتەدا ئەگەری هەیە دەوڵـەت بەبن دەست بهێنێت و ناچار دەبێت لە قۆناغێکی تردا لێی بێتەدەرێ، ئەوان ئەگەر بیر لەو پێگە جەماوەرییە بکەنەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا بەدەستیان هێناوە و

بیانەوێت ئەوە بپارێزن، ڕێگایەکیان نییە جگە لە ڕاکێشانی متمانەی خەڵك. ئەگەر تەنانەت لە دەسەڵاتیش دا نەبن، جەماوەرێك کە لایەنگرییان لێدەکت پێویستە هەست بەوە بکەن کە بوونی ئەو ڕەوتە بە قازانجە و ئەو قازانجە بۆ هەموان ئاشکرا بێت.

***تۆ باستکردووە گۆڕان لە باشترین حاڵەتیدا حزبە سۆسیال دیموکراتیەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، لەسەر ئەو مۆدێلەیە، پێشتریش پێتوابوو کە نارەزایەتییەکی خەڵك کە هەبوو گـۆڕان، یان حەرەکەتێکی تر دەیتوانی باشتر کەڵکی لێوەربگرێت لەبەر خاتری خەڵك، پێتوایە گـۆڕان دەتوانێت چی بکات و دەتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستاندا، یان ئەوەی کە بانگەشەی  بۆ دەکات کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەك بەرێت کە بەرەو پێشەوە بروات، یان بە پێچەوانەوە؟**

ئـیـبـراهـیـم عـەلـیـزادە: لــەڕوی سونەتی سیاسییەوە گۆڕان و یەکێتی هەر یەك ڕەوتن لەبەر ئەوە بەبروای من گۆشتی یەکتر بخۆن ئێسقانی یەکتر ناشکێنن، واتــە ناتوانێت ململانێی شەخسی بەینی ئەم و ئەو یان ئەو

سەرکردە ئەوەندە چارەنوساز بێت بتوانێت ئەو سونەتە و رابردووە و بۆچونە هاوبەشە و هەموو ئەوانە لێك جیابکاتەوە، ئێستاش گـۆڕان هەر ریفۆرمێکە لەناو یەکێتیدا و جیاوازییەکی وایان نییە، بۆیە بروامواية گۆڕان رێگای نەجات بوو بۆ یەکێتی وەکو ڕەوتێکی سیاسی، مەبەستم ئـەوەیـە ئـەگـەر لـەنـاو یەکێتی بمانایەنەوە ریفۆرمیان بۆ نەکرایە ئەوا یەکێتی دەکەوتە نێو بارودۆخێکی وا کە جەماوەرەکەی لەدەستدەدا، ئەوان ئەگەر بیانتوانیایە ئەوەندە بەهێز بونایە ئەو کارە بکەن لەناو یەکێتی دەسەڵات بگۆڕن بۆ ئەو ئاقارەی کە خۆیان دەیـان ویست ئەوا ئەوکاتە کێشەکە ئاسانتر چارەسەر دەکرا، کە ئەوەیان بۆ نەکراوە ئەوا لەدەرەوەی یەکێتی ئەو کارەیان کـردووە، ئەو دەنگانەی کە یەکێتی و گۆڕان هێناویانە لە دەنگی پارتی زۆرترە.

***ئەم قسەیە تازەیە کە تۆ دەیکەیت، دەتەوێت بڵێیت گـۆڕان یەکێتی لە زۆر لاوازبــوون ڕزگار کردووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە رووی بابەتیەوە هەر کێشە و ململانیکیش لە نێوان گۆڕان و یەکێتیدا بێت، کۆمەڵناسان لە دەرەوەی خۆیان هەر حسابی یەکیان بۆ دەکەن. بەبڕوای من پارتیش

به کردەوە هەر یەك حسابیان بۆ بکات.

***بەو بۆچونەی تۆ بێت شانسێك هەیە بۆ پلاتفۆرمێك، بۆ نزیکبوونەوەیەك بۆ بەرەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو هێزە، یان لە ئەنجامدا تەحسیلی حاسڵە کە یەکێك لەم دوانە ناوەکەی نەمێنێت و لەژێر ناوەکەی تردا بێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە:یەکێك لەو فاکتەرانەی کە پێگەی جەماوەری بۆ یەکێتی نیشتمانی دابین کردوە، رابردووی ئەو هێزە بە تایبەت ئەو بەشەی کە دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی لێبراوانەی دژ بە رژێمی بەعس. بەڵام لەوەدا گۆران شەریکیەتی و کەم و زۆر بەقەدەر یەکیان لە باش و خراپی رابردوو بەردەکەوێ. کە وایە تەنها شتێك کە دەمێنەتەوە کردەوەی ئەمرۆ و پلاتفورمی سیاسیانە بۆ دوارۆژە. لە روی نەزەریەوە رێککەوتن لەسەر وەها پلاتفورمێك نامومکین نییە. لە رووی عەمەلیەوە کەم بونەوەی دەنگی یەکێتی لە هەلبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئەو ئیمکانەی زۆرترکردوە نەك کەمتر.

ئەگەر یەکێتی هەوڵبدات متمانەی جەماوەر بەدەست بێنێتەوە، ئەگەر ئەو بەڵێنیانەی لەکاتی هەڵبژاردن دا داویەتی جێبەجێیان کات بوار بۆ

نزیکبونەوەی یەکێتی و گۆران زیاتر دەرەخسێت. بـەم جۆرەیە کە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن لەیەکتری نزیکدەبنەوە.

***ئەم تێگەیشتنەی نێوان یەکێتی و گۆڕان کە هێزێکی وەکو پارتی گەشە بکات، ئەو تێگەیشتنە بخوێنێتەوە، لەکاتێکدا جەماوەری زۆرتـر بووە ئیمکانیاتی و ئابوری زیاتربووەو سەقامگیرترە واتە ئەو کێشەی ناوخۆیی کەمترە؟**

ئیبراهیم عـەلـیـزادە: قسەیەك لە گەشە نییە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمان دا هەر لایەنە لە باشترین حاڵەتیدا بارودۆخی خۆی ڕاگرتووە، بەڵام کورسییەکانی یەکێتی و گۆڕان کە من بەیەکیان دەزانم لە پارتی زۆرترن، ئێستا بزانە لە پەنجا پەنجاوە بۆتە چەند.

***ئەوەشمان لەبیر نەچێت لایەنی یەکێتی سـەرەرای ئەوەی کە دەنگەکانی کەمیکردووە، سەرباری ئەوەی ئینشیقاق و ئینشیعابێکی تێیدا روویداوە لە ناوخۆشیدا توشی گرفت و قەیرانێکی گەورە بووە، کە بۆ خۆت ئاگاداری بە نێوانگیری وڵاتێکی گـەورەی وەکـو ئێرانیش سەرکردە سیاسییەکانی، یاخود سێ باڵی سەرەکی ناتوانن ڕێبکەون و لەسەر شتێك بگەنە ئەنجام؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: وردەکـاری کێشەکانی

ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی لەوانەیە زۆربن. بەڵام لە رووی بابەتیەوە دەتوانین دوو هۆکاری سەرەکی کە دەست نیشان بکەین، کە ناکوکیاکانی ناو ریزەکانی یەکێتی لە سەروە و لە خوارەوە تەوزیح دەدات.

یەکەمیان جیاوازی لە نێوان جیلێکی نوێ کە لە سالانی دوای راپەڕیندا هاتونەتە ناو ریزەکانی یەکێتیەوە و یان لە رێکخراوەکانی شار دابوون و بە هەر حاڵ پێشینەی خەباتی چەکداریان نییە، شەهیدیان نەداوە، تاڵی و سوێری ئەو سەردەمانەیان نەچێشتوە، بەڵام بە حوکمی پێویستیەکانی چارەهەڵنەگری بارودۆخی نوێ هاتونەتە روو و دەوریان پەیداکردوە، بەشێکیان دەستیان بە ژیانی ئاسودە و پارە و سەرەت راگەیشتوە، لەگەڵ پیشمەرگە دێرینەکان و فەرماندەکان سەردەمی خەباتی چەکداری، کە یان ئەو پلە و پایەیان بە دەست نەهێناوە، یان ئەگەر بەدەستیان هێناوە لە مەترسیدا دەبینن. ئەمە کێشەیکی واقعیە تەنانەت ئەگەر خۆشی یەك بە یەك لە جۆری کوتلەکانی ئێستا ناو یەکێتیش دانەبینێتەوە. ئەم کێشەیە نکۆڵی لێناکرێ و تەنها دەکرێ رێگەی هێورکردنوەی بدۆزرێتەوە.

دووهـــەم، دەگەڕێتەوە بۆ ناکامی سیاسی سالانی کۆتایی بەبۆنەی ئـەوەی کە یەکێتی نیشتمانی بە هێزی خەڵك پشت ئەستور بوو. دورکەوتنەوە و خەمساردی خەڵك لە دەسەلاتی، هەروەها نەبوونی مام جەلالیش لەو نێوەندەدا رۆڵی زۆر گەورەی هەیە.

***ئەو جیاوازییە سیاسییانەی کە هەیە پێتوایە سەربکێشێت بۆ ئینشیعاب و ئینشیقاقێکی تر لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من جیاوازی سیاسی جدی نییە، لەبەرئەوەی هیچ ئینشیعابێك سـەرکـەوتـوو نابێت، ئـەوە هـەمـوو ئەزمونی خۆیانە، پێموایە ئینشیعاب ناکەن ئەمڕۆ، بەڵکو هەڕەشەی ئینشیعاب دەکـەن بە ئامڕازێك بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە لایەنی بەرامبەر .

***پێتوایە بەم زووانـە کێشەکانیان چارەسەر دەبێت؟**

ئیبراهیم عـەلـیـزادە: چـارەسـەر نـا، بەلام هێور دەبێتەوە، بەتایبەت هەڵبژاردنی ئایندە کاریگەری زۆری هەیە، ئەگەر لەو هەڵبژاردنەدا بتوانن بـارودۆخـی خۆیان باشتر بکەن ئەوا هـێـورکـردنـەوەی کـێـشـەکـان بـۆ مـاوەیـەك رادەگیرێت، تا رێگایەکی بۆ دەدۆزرێتەوە، دەنا

ئەگەر پێشبینی ئەوە ناکەن و دڵنیا نین لەوەی کە بارودۆخیان لەم هەڵبژاردنەدا باشتر دەبێ پێویستە ئەم هەڵبژاردنە نەکەن بە مەیدانێکی مان و نەمان بۆ خۆیان، واتە وای لێکنەدەینەوە بڵێن ئەگەر سەرکەوین ئاوا دەبین، ئەگەر شکست بخۆین ئاوامان لێدێت .

واتە زۆر ئاسایی وەکو حزبێکی مۆدێلی ئەوروپایی هەڵسوکەوت بکەن، بڵێن هەوڵماندا‌وە و کاری خۆمان کردووە، دەنگمان هێنا، یان نا ئێمە هەر حزبێکی ڕەسەنین، هەڵدەستینەوە .

***تۆ بەوە ناسراویت کە کەسێکی نزیك لە تاڵەبانیت، بەبۆچونی تۆ لە غیابی تاڵەبانی ئەم کێشە و قەیرانانە سەریانهەڵداوە، یان ئایا غیابی تاڵەبانی چەندە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو قەیرانانەی یەکێتی، لەسەر قەیرانەکانی هەرێم و بەغداد، لەسەر ناوچەکە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: دیار نەبونی مام جەلال لە گۆڕەپانی سیاسی زۆر گرنگە، چونکە کاریزمایەك بوو، کە سایەتییەکەی چەند قات لەسەروتر بوو لە پاڵ دەستەکانی، بێگومان ئەوە بۆ حزبێکی سیاسی خاڵێکی لاوازە، بەڵام بۆ یەکێتی نیشتمانی حەقیقەتێکە.

چەندێك دەتوانێت لە کاریگەری ئەو خاڵە

لاوازه كه پەیوەندی بە ڕابردویەوە هەیە، دوور کەوێتەوە و ئەوەندە دەتوانێ ئەم تەکان و شەکانەش تێپەڕێنێت. لە حیزبی کاریزماوە ببێتە حیزبی موئەسەسات و ئەوروپی و مودێرنی سۆسیال دیموکرات.

یەکێتی نیشتمانی بەوەی کە لە ناوجەرگەی خەباتێکی درێژماوە هاتۆتە دەرێ، دەتوانێت ئەو تەکان و شەکانی کە بەسەری هاتووە کۆنترۆڵی بکات.

مام جەلال تایبەتمەندییەکی هەبوو جەسارەتی کاری گەورە و بڕیاردانی گەورەی بوو، بێگومان بەگشتی ئەو کەسانەی ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە لە حزبێکدا ئەو پێگەیەیان دەبێت .

بەنمونە پێتان بڵێم مام جەلال ئەو کەسە نەبوو، کە نەزانێت گۆڕان بەو شێوەیە لەبەردەمیدا دەوەستێتەوە، گۆڕان دەبێتە حزبێکی بەهێز لە تەنیشتییەوە، چونکە ئەو کاك نەوشیروانی باش دەناسی لە قەندیلەوە بەڵێنی پتەو لەبەینیاندا بوو، لەوکاتەوە کادرەکانی دەناسی، پوڵ و ئیمکانیاتی نایە ئیختیاریانەوە تا ببنە حزبێکی بەهێز، مام جەلال وایدانابوو کە ئەمە ڕێگای نەجاتە بۆ یەکێتیش، مام جەلال قوڵایی قەیرانەکەی ناو یەکێتی هەست

پێکردبوو، سیاسەتێکی ژیرانەی دانابوو، لامولایە ئەو بە پێی لێکدانەوەیەك کە لە سەر وەزعی واقعی یەکێتی هەیبوو، نەبوو بە ڕێگر لە پێکهاتنی بزوتنەوەی گۆڕان .

***لە ڕۆژئـاوا هەنگاوێك نـراوە، سێ کانتۆنی خۆبەڕێوەبەری پێکهاتووە، پێتوایە ئەم کانتۆنانە بە بەرنامەو ستراتیژ و پیلانی پارتی کرێکارانی کوردستان دارێژراوە، هەندێکی دیکە بروایانوایە حکومەتی سوریای لە پشتەوەیە، گومان لەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق و تەنانەت یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش پشتیوانی دەکەن، پێتوایە چارەنوسی کورد لە خۆرئاوا لەناو ئەو گەمە و قەیرانانەدا بە کوێ دەگات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبێکی سیاسی بەچاو پۆشی لـەوەی کە(پەکەکە)یە، حزبی سیاسی ناتوانێت هەموو ستراتیجی خۆی تەنیا لە یەك شێوە خەباتدا تەسك بکاتەوە، ڕاستە ئەگەر پەکەکە جەماوەرێکی هەیە لەسوریا خۆی لە خۆیدا ئیرادی نییە، ئەوەی کە ئێمە حزبی کۆمۆنیستین پێمانخۆشە حزبی هاوتەریب و هاوچەشنی ئێمە لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا دروست بێت، ئەگەر ئینتەرناسیۆنالێك، مەرکەزێك هەبوایە دەبوایە ئەو ئینتەرناسیۆناڵە، یان ئەو

مەرکەزە هەوڵی بدایە بۆ ئـەوەی کە حزبێك پێکبهێنێت، لەبەر ئەوە حزبێکی کوردیش خۆی لە خۆیدا ئەوەی دەکرد، ئیراد نییە کە لە سوریا جەماوەری هەیە و لەناو کوردەکاندا رێکخستنی هەبووە ئەوە بەجێگەی خۆی.

لەلایەکی ترەوە ئەوە ئیراد نییە کە (پەکەکە)، یان (پەیەدە) هەوڵبدات لە بارودۆخێکی سیاسی کە پێکهاتووە، کەڵك وەربگرێت بۆ ئەوەی کە دەیویست بە زەبـری چەك و بـەزۆر بەدەستی بهێنێت ئێستا بە گفتوگۆ بەدەستی بهێنێت، لەبەر ئەوە بە بڕوای من گفتوگۆیان لەگەڵ دەوڵەتـی (بەشار ئەسەد) لە قۆناغێکی باشتردا دەستپێکرد، واتە دیاریکردنی ئەوە دروست بوو کە (بەشار ئەسەد) بەو ئاسانییە لە گۆڕەپانی سیاسی پاك نابێتەوە، هاوسەنگی هێزی ناوچەیی و جیهانی هەموو ئـەوانـەیـان لێك دایــەوە و ئەوانەیان هەڵسەنگاندبوو، بە ئەنجام گەیشتبوون کە ئەم رژێمە بەڵێ بەڕاستی دەمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئۆپۆزسیۆنێك دروست بوو، کە هیچ سودێکی لەنێو چاوانیدا نییە، بۆ ئەوان وەك حزبێکی سیاسی و بۆ کورد وەکو نەتەوە، هاتن لەگەڵ حکومەتی سوریا کەوتنە گفتوگۆ کە ئێوە لە هەموو بەرەیەکەوە لە حاڵەتی شەڕدا

ئەبیت، پێیان وتن ئێوە ناتانەوێت لە لایەکەوە ئەوەتان لێ رزگاربێت دەوەرە ئارامی بکەرەوە، ئێمە ئامادەین ئەو ناوچەیە بەرێوەبرین، کە خۆی لەخۆیدا بەبڕوای من سیاسەتێکی قابیلدارە، توانیان لە تەوافق لەگەڵ دەوڵەتی سوریا بتوانن پاشەکشە بە هێزەکانی سوریا بکەن، بێگومان پاشەکشەیان پێکردن بە مانای ئەوە نییە، کە هەموو شتێکیان بەدەست هێناوە، بێگومان ئەوانیش فشاری خۆیان دەکەن، بۆ ئەوەی کە چەند بنکەیەکیان لەوێ بمێنێت، ئەمە کارێکە وردە وردە دەکرێت و پرۆسەیەکە ئەوە سەرەتای مەسەلەکەیە، دوای ئەوە بابەتێکی تر دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئایا حزبێکی سیاسی کە داهێنانی ئەو سازشەی بۆ ئەو گرتوە ئایا بە پرەنسیبێکی دیموکراتی پابەندە، ئایا پاوانخوازی دەکات، ئایا مافی نەیاران و جیاوازی سیاسی خۆی لەو ناوچەیە بەرەسمی دەناسێت، یان ناناسێت، بۆ ئەمانە دەبێت زەرەبین بخەینە سەر تەواوی (پەکەکە) وەکو حزبێکی سیاسی دیاری کراو، (پەکەکە) لە تورکیا بە تەواوی حزبێکی پاوانخواز بوو، تەماشا بکە ساڵەهایە رێگای نەداوە کە نەیاری سیاسی خۆی سەر هەڵبدەن و ئەوە بکەن.

بێگومان بەشێك لە سونەتەکانی (پەکەکە) لەتورکیا، بە(پەیەدە) لە سوریا براوە، ئەوە زۆر رونە کە ڕێگەی بە نەیارانی خۆی نەداوە.

لەلایەکی ترەوە ئەو مەوقعیەتەی ئێستا (پەیەدە) و(پەکەکە) لە کوردستانی رۆژئاوا دروستیانکردووە بەرهەمی ئەو رێککەوتنەیە کە حکومەتی سوریا و بەشار ئەسەد، بەڵام ئەو رێککەوتنە رێککەوتنێك نییە، لەسەر بنەمای لەبەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندی یەکتری.

لەبەرئەوە ئەو رێککەوتنە لەڕوی بابەتییەوە چەند کاردانەوەیەکی لێکەوتۆتەوە، کە هیچیان کاردانەوەی ڕێکخراوەیی و حزبی نین.

یەکێکیان زۆرگرنگە، کە ئەو مەرگەساتەی لە سوریا لە ئارادایە، ئەو پارچەیە و خەڵکی ئەو وڵاتەی پاراستوە.

دووەمیان شتێکی گرنگترە، کە ئیمکانی داوە بەوەی کە خەڵك لە چارەنوسی سیاسی خۆی بەشداری بکات.

بەڵام دیارە ڕەخنە لە سیاسەتەکانی (پەیەدە) دەگیرێت کە پاوانخوازە، یان ڕێگەی نەداوە بە حزبە سیاسییەکانی دیکە، لە هەمانکاتدا کێشەیەکی سیاسی گرنگە کە حزبێك پاوانخوازی بکات، ڕێگا بگرێت لە تێکۆشانی سیاسی و حزبێکی دیکە

بکات، بەڵام واقعێتێکی دیکە هەیە، کە ئەویش ئەوەیە کە وەختێك حزبێك ڕێگای لێدەگیرێت کار و کردەوەیەك بکات، واتە حزبێکی لاوازە.

کەواتە ئەو حزبانە نەیانتوانیوە مەوقعیەتی خۆیان داسەپێنن، کارێکی وابکەن کە ڕێگا لە چالاکی سیاسییان بگرێت.

کۆمەڵە لە کوردستان حزبێك و نمونەیەکی زۆر روونە، حزبێکی پاوانخوازی وەکو حزبی دیموکرات بوو، کە دەیوت هێزەکانمان بکەین بەیەك و لەشکرێکی یەکگرتومان بێت، بەڵام لە ژێر سەرکردایەتی ئێمەدا مۆڵەتی چالاکی کۆمۆنیستی بە ئێمە نەدەدا شورایەك کە ئێمە دروستمان دەکرد هەڵیدەوەشاندەوە، تا ئەو شوێنانەی کە دەسەلاتی بوو، بەڵام کۆمەڵە جێگای خۆی کردەوە و خۆی جێگیرکرد.

ئەوان بۆیە لاواز بوون دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردویان، ئەوان لە جیاتی ئەوەی بەردەوام سەرزەنشتی پاوانخوازەکان بکەن دەبێت ڕێگایەکیش هەبێت، بۆ ئەوەی تۆزێك لەو واقعیەتی لاوازییەوە بێننە دەرێ، بەڵام ناتوانن بە کۆمەکی پارتی هێزێکی چەکدار، کە بەپەلەپڕوزە و لە رۆژانی کۆتاییدا پارتی بۆی کۆکردنەوە و خەیاڵی ئەوەیان بوو بەو کۆمەکی ئەوان وەکو هێز بیانهێنێتە سەر

یاریگاکە و لەوێ بەرجەستەیان بکات، وەختێك قەیرانی سوریا دەستیپێکرد بەو کۆمەکە بوو کە ئەوانەیانکرد، بەڵام دەیانتوانی هێزێکی ڕەسەنی نشینگەی، خودی ئەو وڵاتە بن.

***مەبەستت ئەوەیە ئەم حزبانە خاوەن نفوز و جەماوەر و ئیرادەیەك نین، کە (پەیەدە) هەیەتی، ئەمە دیفاکتۆیە (پەیەدە) ئەمانەی کە هەیەتی بە خەباتی رابردوو و بەقوربانیدان بەدەستی هێناوە، بەڵام هۆکارێکی بەهێزتر هەیە، کە (پەکەکە) لە پشت ئەمەوەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە روونە کە(پەکەکە) لە پشتییەتی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە شەرعیەتێك بدەین بە پاوانخوازی (پەیەدە)، پێدەچێت تارادەیەك پاوانخوازی هەبێت .

یەکەم شت ئەوەبوو، کە ئەمان وتیان دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان یەك هێزی چەکداریان هەبێت، بەڵام بەو مەرجەی کە مافی یەکسان بۆ بەشداریکردن لەم هێزە یەکگرتووە کە بە ڕەسمی بناسرێت، من سەد لە سەد دڵنیانیم ئەو مافە بەرێوەچوبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم ڕەخنەو نیگەرانیەی ئێمە بۆ هەڵسوکەوتی (پەیەدە) نابێتە ڕێگری ئەوەی، کە لەگەڵ ئەو ئەزمونە جیاوازیمان هەبێت.

***باشه به واقیعی له کاتێکدا ڕۆژانه(پەیەدە) شەڕی (داعش) و (بەرەی نوسرە) و دەست و پێوەندەکانی تورکیا دەکات، بەڵام هێزەکانی دیکە کە (پەیەدە) تۆمەتبار دەکەن بە پاوانخوازی لە سلێمانی و هەولێر، لە ئوتێلی پێنج ئەستێرەو شوقەی عەجیب و سەیرو سەمەرە دانیشتون، تەنانەت ئامادە نین بەرگری لە ڕۆژئاواش بکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمانە شەرعیەتیان نییە کە داوای شتێك بکەن، ئەگەر هێزێك هەبێت جێگە و شوێن پێیەکی هەبێت، بەڵام لاواز بێت، ئەوا دەبێت مافی بپارێزرێت.

***قسەیەك هەیە دەڵێت ڕۆژئاوا لەلایەن سلێمانی ، قەندیل ، هەولێرەوە بەڕێوە دەچێت، ئایا ئەوە ڕاستە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: وانییە، لەبەر ئەوەی کوردستانی رۆژئاوا ئێستا نزیکەی سی هەزار خەڵکی چەکداری هەیە، کە ئەمە دەکاتە دە ئەوەندەی هەموو هێزی چەکداری (پەکەکە)، ئەوانە هیچیان رێکخستنی حزبی نین لە واقیعدا ئەوە حەرەکەتێکی جەماوەری چەکدارانەیە، جگە لەوانە وڵاتێکی دەوڵەمەندەو لە ڕووی کشتوکاڵ و وزە و زۆر شتی دیکەوە پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات، ئەگەر تەماشا بکەیت سەرەڕای

ئەوەی کە ئەو هەموو گەمارۆیانەیان لەسەرە، بــەڵام هێشتا ژیانی خۆیان بەرێوە دەبــەن. تورکیا بەو هەموو دژایەتیکردنەی (پەیەدە) وە ناتوانێت سنورەکانیان لەسەر دابخات، لەبەرئەوە بە هەزاران کەس لە خەڵکی تورکیا دەچنە سەر ئەو خاڵە سنوریانە و سنوریان پێدەکەنەوە، واتە پاسەوانەکانی سەر سنور(تورکیا) دەبێت دەست بکەن بە تەقەکردن لە خەڵك، یاخود دەبێت لێگەرێن ئەو یارمەتیانە بگوازنەوە بۆ ئەودیوی سنورەکان، ئەمەش پێیدەوترێت حەرەکەیەکی جەماوەری، ئەوە حزبێکی سیاسی نییە کە لەوێ ئیرادەی خۆی پیشان داوە ئــەوە جەماوەرێکە بەرێگایەکی دروســت جــوڵاوە، واتــە جــوڵاوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاسایشی و ئارامی بکات.

***باشە بۆچی هەڵوێستێکی جیاواز دەبینرێت لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بۆ نمونە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی رۆژئـاوا دەکـات، بە پێچەوانەوە پارتی دژایەتی ئەوە دەکات، لەچەند هەفتەی ڕابردودا یەکێتی نیشتمانی کوردستان گوایە ڕایگەیاندوە، کە پەرلەمان پێویستە بە ڕەسمی ئەو کانتۆنانە بناسێت و پشتیوانی لێبکات. پارتی دیموکراتی**

**کوردستان ڕێگربووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەگەر زۆر بە کورتی باسی بکەم ئەو جیاوازی و ناکۆکییە دەگەڕێتەوە، بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو دوو لایەنەن بە تایبەتی لەگەڵ دراوسێکانیدا.

*** ئەو گەمارۆیانەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە (جەمیل بایك) پارتی تۆمەتبار دەکات بەوەی کە بەشداری لە گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتی ناپاکانە دەکات، پێتوایە دروستە، یان (پەکەکە) زیاد لە قەبارەی خۆی گەورەی کردووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان سنورەکە بەیەکجاری دانەخراوە، گەمارۆکە ناتوانێت ئەوەندە بەکردەوەیی توندوتیژ بەرێوە بچێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی جەماوەری لە نێوان هەردولادا هەیە، ئێمە وەختی خۆی لە برادەرانی پارتیشمان پرسیوە بۆ ئەم مەسەلە، دەڵێن ئێمە تەنیا ڕێگەمان لەوە گرتووە کە (پەکەکە) بازرگانی بەو سنورەوە بکات، چونکە لە بەرهەمی ئەو بازگانییەوە تەنیا خۆی سودمەند دەبێت و بەکەسی دیکەی نادات، لەبەر ئەوەیە ئێمە گومرگی قورس دادەنێین لەسەر هاتوچۆی شتومەك، بەڵام ڕێگامان لە پێداویستییە گرنگەکانی ژیان نەگرتووە، لەولاشەوە(پەیەدە)

ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

***تۆ لەکاتێکدا پێتوایە پشتگیری و دژایەتی یەکێتی و پارتی وابەستەیە بە سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێران و تورکیا ئەوەت مەبەست بوو، ئەی ئێوە و دیموکرات، یان باشتر بڵێم ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی ئێران بەتایبەت ئێوە و دیموکرات، بۆ ناتوانن بەلاغێکی هاوبەش، یان پشتیوانی ڕەسمی راگەیەنن ئێوەش وابەستەیە بە وڵاتانی ناوچەکە، یان هۆکارێکی دیکە هەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: نەك وڵاتانی ناوچەکە، بەبڕوای من جۆرێك وابەستەیە بە هەڵوێستی حزبەکانی هەرێمی کوردستان دوور و نزیکی حزبەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو هەڵوێستەی ئەوان، لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکی درێژماوەی ئەوان لەگەڵ (یەکەکە) هۆکارێکی دیکەیە، بۆ ئێمە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە ئێمە مەسەلەکەمان لە ڕووی بابەتییەوە ئەوەیە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران خوازیاری ئەوەن کە لەوێ چی دەگوزەرێت، ئێمە فەرمانبەرین وەکو هێزێك لە کوردستانی ئێران ڕوونکرنەوە بۆ خەڵکی بدەین لە کوردستانی سوریا، کە ئەوانیش کوردن جۆرێکیش لە سۆزیان بۆیان هەیە لە کوردستانی

سوریا چی دەگـوزەرێـت، وەختێك دەچین لێی دەکۆڵینەوە و بەدواداچون دەکەین و هەوڵدەین نـاوەرۆکـی ئـەوەی کـە هەیە لێی تێبگەین، ئەوکاتە بـۆمـان روون دەبـێـتـەوە کـە شیاوی پشتیوانیکردنە نەك دژایەتیکردن، ئەو راستییە بەخەڵکی کوردستانی ئێرانیش بڵێین، هەوڵماندا برادەرانی هەردوو لای حزبی دیموکرات، بێنینە سەر ئەو قەناعەتەی کە بەلاغێکی هاوبەشمان هەبێت نەهاتن، لەگەڵ ئـەوان بەڵکو خەڵکی دیکەش بێنین، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕیزبەندی حزبی و ئەو جۆرە ناکۆکیانەی لە کۆنەوە هەیە سێبەری خستۆتە سـەر بینینی بـەرژەوەنـدی جەماوەری خەڵکی کوردستان .

***(عەبدوڵای موهتەدی) لە دیدارێکدا دەڵێت ئێمە ڕێگانادەین (پەکەکە) حزبمان بۆ داتاشێت، وەکـو چـۆن کوێخای بـۆ رۆژئـاوا و (پـژاك)ی دروستکردووە، پێتوایە(پەیەدە) داتاشراوە، یان پێگەی زەمینەی و واقیعی هەیە لەو وڵاتەدا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: حزبی داتاشراو هەرگیز لە کۆمەڵگادا بەهیچ نابێت، ئەگەر ئێمە حاکمیەت، یان دەسەڵات بە فەرمانی خەڵکی دەزانین، ئەگەر هەوڵدەدەین بۆ پێکهێنانی بارودۆخی کە تێیدا دەنگی ئازادانەی خۆی دەربڕێ، حزبی داتاشراو

خۆی بۆ خۆی دەکەوێتە پەراوێزەوە، حزبێك دەتوانێت لەنێو کۆمەڵگایەکدا ریشە دابکوتێ و بمێنێتەوە، ئیتر حزبی داتاشراو نییە، بەڵام دیسانەوە ئەمەش ئێمە زۆر بە ئاسایی دەبینین کە حزبێکی سیاسی بیەوێت، یان هەوڵبدات کە لقێکی خۆی لە پارچەیەکی دیکە بەهێز بکات، ئەوە هیچ کێشەیەکی نییە، ئاساییە لە رووی ستراتیجی سیاسی و بیرو بۆچوونەوە بەوە دەگەن، کە خەتی سیاسی خۆیان بەرنە پێشەوەو هەوڵی بۆ بدەن، واتە بە ڕەسمی ناساندنی ئەو سنورانە و قودسیەت پێدانیان بۆ کاروبار و چالاکی حزبی زۆر بەلامانەوە گرنگ نییە، بەڵام مەسەلە زۆرجار بەرژەوەندی و ئەولەویەتە، بۆ ئێمە ئەولەویەت ئەوەنییە کە لە هەرێمی کوردستان کاری حزبایەتی بکەیت، هەلومەرجەکە وادەخوازێت، بۆیە ئێمەش کارێکی دیکەمان بۆ خۆمان داناوە هەرچی هێز و توانایەکی کە هەمانە روو لە شوێنێکی تر بکەین، ستراتیجی ئێمە ڕوی لە تاران و ڕوخاندنی رژێمی ئێرانە و ئەو گۆرانکاریانەی کە لە ئێران پێویستمانە، لەبەرئەوە کە (پەکەکە) دەیەوێت و هەوڵدەدات لە شوێنێکی تر حزبێکی دیکە دروست بکات، ئەگەر ئەو حزبە نەتوانێت پێگەی جەماوەرییەیدا

بکات بۆخۆی دەپوکێتەوە، تۆ دیقەت بدە حزب و لقی (پەکەکە) لە هەرێمی کوردستان(پەچەدە) نابێت بە حزبێکی جەماوەری بەهێز، چونکە بەدیلەکانی بەهێزن و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو پارچەیە بەجۆرێکی دیکە هاتووە، نەیتوانی گەشە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانە حزب و کەسانێکی خراپیش نەبن، بەڵام ئەوان هاتون لێرە ئەمەیان دروستکردووە کە نایانکات بە جەماوەری و نفوزیان زیاد ناکات، هەربۆیە (پژاك)یش نەیتوانیوە لە کوردستانی ئێران جەماوەری بێت.

***کەواتە تۆ جیاوازی ڕای (عەبدوڵڵای موهتەدی، مستەفای هیجری) لەو بارەیەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ.

***تۆ وتت خەڵکی کوردستانی ئێران چاوەڕێی ئەوەیە، کە ئێمە روونکردنەوەیان پێبدەین لەسەر رۆژئاوا و پشتیوانی لەوانە بکەین کە کوردن، ئەو بۆ چونە تا رادەیەك ناسیۆنالیستانە، یان ئینسانیانەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: هەم ئینسانییە، هەم سیاسیشە، چونکە ئێمە ستراتیجییەکی ئێرانیمان هەیە، بەڵام مانای وانییە کە لە ئەرزی واقیعدا ئەو پەیوەندییە سۆزداری و نەتەوایەتیەی، کە

لەنێوان پارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە نەتوانن ببینین، خەڵکی کورد لێرە ئاوارە دەبێت ڕوو دەکاتە کوردستانی ئێران، ئێمە لە کوردستانی ئێرانەوە کێشەمان بۆخوڵقاوە و توشی کێشە و گیروگرفت بووین ساڵەهایە لە هەرێمی کوردستان عێراق بنکە و بارەگامان دامەزراند و بە هاوکاری و یارمەتی ئێرە بەهرەمەند بووین.

ئەوە ئێستا کەمپی مەخموور بە هەزاران کوردی کوردستانی باکوری لێیە، وەختێك کۆڕەو کرا بەسەدان هەزار خەڵکی کورد لە کوردستانی عێراق رویکردە کوردستانی تورکیا، ئێستا لە سوریاوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان واتە بە کردار ئەو پەیوەندییە هەیە، ئێمە وەکو هێزێکی سیاسی دەبێت وەڵامان هەبێت، بۆ ئەو پێویستیە نوێیانە کە بەم بۆنەیەوە دێتەگۆڕێ وەڵامی ئەوانەش بدەینەوە، ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە سیاسەت و ستراتیجی خۆمان ئەگۆرین، یان بە مانای ئەوە نییە کەوە بۆچونێکی ناسیۆنالیستی لە پشتە .

***ئێوە سێ کانتۆنەکانی خۆرئاوای کوردستان بەرەسمی دەناسن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ ئێمە بەڕەسمی

دەیان ناسین، چونکە ئەو زانیارییە سەرەتاییە بە ئێمە دراوە، ئەوە دەگەیەنێت کە لە خوارەوە شکڵیان گرتووە، ئەمەش بەیارمەتی (پەیەدە)، بەڵام لە هەمانکاتدا بەڵێنیان بە خەڵکداوە و راگەیاندووە کە بەزوویی هەڵبژاردن دەکەن، هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کە دەسەڵاتی جەماوەر لەرێگەی راستەوخۆ بەردەوامی پێبدەن، جگە لەوانە شتێکی ئیجابی ئێمە لەوێ دەبینین پێمانوایە زۆر گرنگە کە لەوێ جۆرێك بەیەکەوە ژیان و هاوکاری و هەماهەنگی و هاوپشتی لەنێوانی ئەو خەڵکانەی کە بەزمانی جۆراوجۆر قسەدەکەن، هەروەها نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جۆراو جۆر هەن و پێکیانبهێنن و هەستێکی ناسیۆنالسیتی تەسك بەسەر دەسەڵاتەکەیاندا زاڵ نییە، ئەوە دەستکەوتێکە بۆ ئێمە کە دواجار دەبێت لە بەرەسمی ناسینی یاسای ئەو کەمایەتیانەشدا ڕەنگبداتەوە.

*** پێموایە ئاڵوگۆڕێك بەسەر بۆچونی کۆمەڵەدا هاتووە، وابەستە بەوەی کە پەیوەندییەکانتان لەگەڵ (پەکەکە) باشتر بووە، لە مەراسیم و دانوستانەکان و پەیوەندییەکانی ئێوەدا (پەکەکە) بەرەو پێشتر چووە، تەنانەت پشتگیری و هەڵوێستتان لە کانتۆنەکان، یان پێتانوایە**

**هەلومەرجێکە بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە و ئێوە وەکو کورد پێویستە پشتیوانی لێبکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە پێش ئەوەی کە ئەوان بێن لە مەراسیمەکانی ئێمەدا بەشداری بکەن و پێش ئەوەی کە دانیشتنەکانمان بەو شێوەیە ئێستا لەیەك نزیك بێت، پێش ئەوانە ئێمە ئەو هەڵوێستەمان گرتووە، ئەو هەڵوێستەی ئێمە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوان پەیوەندییان بەهێزکردووە و پەیوەندیمان زۆرتر بێت.

***واتە هەر نزیکبونەوەیەکی ئێوە(پەکەکە) و(پەیەدە)، بەمانایەکی تر ئەوەیە کە حزبی (دیموکراتی کوردستانی ئێران) و (کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشان) نا خۆشحاڵ دەکات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە نامانەوێت وای لێبێت، پێمان ناخۆشە ئەو کێشە و ناکۆکییە لاوەکییانە لە کوردستانی ئێران قوڵ بێتەوە ڕێگا لە تێگەیشتنی دوارۆژ و هاوکاری یەك بگرێت،کە لە دژی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی و دژی دەوڵەتی مەرکەزی پێویستە. لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین ئەوە هێور بکەینەوە و دیالۆگ لەسەر ئەو بابەتە هەمیشە بەردەوام بێت، بە بروای من ئەوەیە ئەگەر ئەزمونێك کە ئەوان لە کوردستانی رۆژئاوا بەڕێوەی دەبەن،

ئەگەر بتوانێت ڕەزامەندی جەماوەری ئەوێ تا رادەیەکی زۆر رابکێشێت و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هاوکاریان بن، ئەوا بڕواموایە کە ئەو حزبانەش پێداچونەوە بە سیاسەتەکانیاندا دەکەن .

***هەوڵتانداوە دیالۆگێک بکەن لەگەڵ دیموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێر بەوەی کە بە قەناعەتیان بگەیەنن کە پشتیوانیان لەوێ بۆ رۆژهەڵات گرنگی هەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لەگەڵ حزبە دیموکراتەکان ئەو دیالۆگەمان کردوە، لە بەشێکدا لە چوارچێوەی کۆنگرەی نەتەوەیشدا هەبوو، ئەو دیالۆگە تارادەیەك لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەشدا کراوە .

***ئەگەر بە کورتی پێم بڵێیت چارەنوسی ڕۆژئاوا بەچی دەگات، ئەوجا چارەنوسی سوریا چی لێدێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: راستیەك هەیە کۆمەڵێك چەکدار لەوێ ریشەیان داکوتاوە کە ئیسلامی توندرەون، کە لەلایەن عەرەبستانی سعودی، قەتەرەوە پڕچەك کراون و پارەی باشیان هەیە، ئەو سیاسەتەی عەرەبستانی سعودی نەك هەر لەوێ بەرێوەدەچێت، بەڵکو لە هەموو

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر شوێنی دیکەش بەو جۆرە پەیڕەو دەکرێت، کە جۆرێك لەناتەبایی لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتی ئەمەریکا هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە عەرەبستانی سعودی بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی زۆر لە هەڵویستی ئەمەریکا نیگەرانە لەوەی کە ئەمەریکا لەکاتی خۆی بەهانایانەوە نەیەت و پشتیوانیان لێ نەکات، تەنانەت پشتیشیان لێ بکات لەکاتێکدا کە بەرژەوەندی زۆریان هەیە، لەبەر ئەوە ئەوان هەوڵدەدەن قولایی ئاسایشی خۆیان زۆرتر بکەن کێشەکان لەخۆیان دوربخەنەوە، لەتەواوی ناوچەکەدا ڕۆڵێکی گەورەتر و کاریگەرتریان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن باشتر خۆیان بپارێزن.

ئەو سیاسەتە مانای ئەوەیە کە ئەم هێزانەی کە چەکدارکراون هێزی بەکرێگیراون نین، بەڵکو کۆمەڵێك هێزن کە یەك بیروباوەر و بەرنامەیان هەیەو لەسەر بنەمای ئەوە کۆکراونەتەوە، وا بە ئاسانی لەو وڵاتە هەڵناکەندرێن .

لەلایەکی دیکەوە خەڵکی سوریا لە ڕاستیدا لە دەست ئەو ڕژێمە بێزارن و بەشێکیشیان چونەتەپاڵ ئۆپۆزسیۆنی بەرە میللیەکەی کە وەختی خۆی بەشێك لە سوپای سوریا بوون

ئەوەش خوێن کەوتۆتە بەینیان، ئەمانەش بە سیاسەتی هەرێمایەتییەوە گرێدراون، دەوڵەتی تورکیا لە پشتیانە ئەمانەش بە ئاسانی ناکشێنەوە.

جگە لەمانە جمهوری ئیسلامی ئێران لە پشت رژێمی بەشار ئەسەدە و هەوڵدەدات یارمەتیدەری بێت، پێش بەروخانی بگرێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە روسیا دەستی هەیە لە کێشەکاندا. بەم جۆرە دەبینیت هاوسەنگییەك لەوێ دروستبووە، کە گەلێك ئاڵۆزترە لەو بارودۆخەی کە لە عێراق پێکهاتووە، ئەوە عێراق لە ساڵی(٢٠٠٣)وە تا ئێستا بەدەست ئەو کێشانەوە دەناڵێنێت، کە رۆژێك ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەربۆیە لەوێ گەلێك بارودۆخەکە لێرە ئاڵۆزترەو کێشەکان قوڵتر بونەتەوە، دەترسن ئەو قەیرانەی ئەوێ درێژ دەبێتەوە، بەڵام بەچ بارێکدا، هێشتا کەس ناتوانێت بزانێت کۆتاییەکەی بە چ بارێکدا دەبێت، بەڵام ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە ئەو نائارامی و نائاسایشەی کە لە سوریا هەیە بەو ئاسانییە چارەسەر ناکرێت لە ئەنجامدا ئەو ئەزمونەی کە لە رۆژئاوای کوردستاندا هەیە و بەرێوەدەچێت تا ئەندازەی خۆی ئەو ئەزمونە درێژ ماوە دەبێت لە ئەندازەی خۆیدان، گەر ئەوان زیاتر بتوانن

خۆیان رابگرن و بتوانن پشتیوانی خەڵکی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێبدەن دەتوانن لە دیاریکردنی چارەنوسی دوارۆژی سوریادا دەخالەتیان هەبێت، هەندێك لە مافی خەڵکی کوردیش بچەسپێت.

*** کاتی خۆی وتت کە دەرەنجامی پارسەنگی هێز وا دەکات ئاشتی بەرقەرار بێت، ئەو پارسەنگی هێزە هەرماوە، تا ئێستا پرۆسەی ئاشتی نەیتوانیوە بە ئاکام بگات، بە بۆچونی تۆ ئاکامی ئەو پرۆسەی ئاشتییە بە کوێ دەگات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پارسەنگی هێز هەرماوە، تەنانەت زەمینە هەیە و دەتوانرێت بە قازانجی بەرەی کوردی بگۆڕێت، بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە لە (پەکەکە) ئیرادەی ئەوەی کە بەباشی لەو بارودۆخە کەڵك وەربگرێت کەمتر دەبینرێت، مەسەلەن هەموو چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد، کە لەگەڵ خامۆشبوونی چەکەکان خەباتی مەدەنی پەرەبسێنێت نەك دامرکێنرێتەوە، ئەگەر پێشمەرگە هەر نەدەبوایە وڵات بەجێبهێڵێت، بەڵام دەتوانرا بوترێت هەر چەکداری ناکەین و لەماڵی خۆمان دانیشتوین.

دەبوایە، هەر ئەو ڕۆژەی ئەو بڕیارە دەدرا خولی دوای خۆپیشاندان لە هەموو شارەکانی کورستانی تورکیا بە هێمنانە بکرایە، بە

دروشمێکی وا کە پەیوەندی هەبوایە لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەموو ڕۆژێـك ئامادەبونی ئـەو هەموو جـەمـاوەرەی هەست پێ بکردایە، واتە هاوسەنگی هێز دەبێت بەکاری بهێنێیت، گەر بەکار نەیەت ئەوا وردە وردە دەپوکێتەوە.

لەبەرئەوە مەترسییەك کە ئێستا هەیە ئەوەیە (پەکەکە) لەو فرسەتانەی کە هەیەتی بۆ هاندانی جەماوەر لە پێناو پشتیوانیکردن لە پرۆسەی ئاشتی، یان لە پێناو مافەکانی گەلی کـورد لە تورکیا کەڵك وەردەگـرێـت، تەنانەت بۆ کوردستانی ڕۆژئـاواش هەر دەبیندرێت و ئەوەشمان بە بەراستی وتوە کە ئێوە بەو هەموو هێزەی کە لە ئەوروپا هەتانە بۆچی فشارێك ناخەنە سەر ئەو دەوڵەتانەی فشاریان هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و رۆژئاوا، بۆ هەموو ڕۆژێك خۆپیشاندان بەردەوام نییە، لە شارەکانی ئەوروپا بۆ پشتگیریکردن لە کورستانی خۆرئاوا .

بۆچی وەڵامی ئەو پروپاگەندەیە نادەنەوە، یان ئەگەر واقعییە وازی لێبێنن، گەر واقعی نییە وەڵامی بدەنەوە.

کە ئێوە ئازادی کەس پێشێلناکەن، کەس لە مافی دیموکراتی مەحروم ناکات، ئێوە ئیمتیازتان

نــەداوە بــە حكومەتــی بــەشــار ئــەســەد، ئێوە پشتیوانی ئەو ناکەن .

بەو هەموو ئیمکانیە سروشتییەی کە هەیانە و چەندین کەناڵی تەلەڤیزیۆنی سەتەلایتی، بە سەدان هەزار لایەنگر لە هەموو ولاتانی ئەوروپی و ولاتانی دیکەی دنیا، کە هەموشی باش ڕێکخراوە و ئەتوانین بڵێین بەو ئیمکانیاتە مادیەی کە لەوانەیە زۆر لە ئیمکانیاتی مادی زۆرێك لە ولاتانی ئەفەریقا زۆرتربێت.

دیارە هەموو ناسیۆنالیزمی کورد بڕوابونی خــودی لــە دەســتــداوە، واتــە بــروابــوونــی بە خۆی کە دەتوانێت و دەبێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت بە هێزی خۆی گۆڕانکاری بە وجود بێنێت لەو کۆمەڵگایانەدا و مافی خوراوی میللی دەستەبەر بکات، ئـەو ئـەوەی نەماوە و ئەوە تەنیا کێشەیەکی نییە کە لەویَ هەبێت، بڕۆ لە هەرێمی کوردستانیش هێزێك تا ئەمڕۆش ئالای کوردستانی یەککگرتوو هەڵدەکات، بەڵام دەچێت لەگەڵ شۆڤێنیزمترین ڕێکخراوی ئێرانی بەیانی هاوبەش دەردەکات.

***گریمانەیەکت هەیە بۆ ئەوەی کە سەر لەنویَ شەڕ لە باکور لە نێوان (پەکەکە) و دەوڵەتی تورکیا بێتە پێشەوە، ئایا ئەگەرێکی وەها نزیکە،**

یان دووره؟

ئیبراهیم عەلیزادە: بڕوام وایە دوورە، چونکە ئەگەر (پەکەکە) بکەوێتە بارودۆخێکی زۆر زۆر دژوارەوە هێشتا ئەو توانایەی هەیە کە هێزی خۆی لە خەباتی مەدەنیدا دەربخات، تەنیا دەبێت بەو قەناعەتە بگاتە، لەبەرئەوەی خەڵکی کورد لە تورکیا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فشارانەی کە بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا کە لە مەرکەزەوە هەیە بروا بەخۆبوونی زۆرتر و زیاتر کردووە، تەنانەت ئەگەر (پەکەکە)ش نەیەوێت لەوانەیە جۆرێك هەماهەنگی لە نێوان کوردستان و بەشەکانی دیکەی تورکیا لەوانە ئەنکەرە و ئەستەنبوڵ و شوێنەکانی دیکەش بەرقەرار بێت، لەبەر ئەوە دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی داهاتوودا گیرۆدەی گیروگرفتی ڕەخنەی گشتی دەبێت، بەو قەیرانی گیرۆدەبونە گشتییە بتەوێت و نەتەوێت کاردانەوەی لە کوردستانیش دەبێت، جا ئەوە (پەکەکە) لە کۆتاییدا دێنە سەر ئەو قەناعەتەی کە لە جیاتی ئەوەی کە خەباتی چەکداری بکاتە ئامرازێکی فشار بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ هەر پرۆسەیەك لە خەباتی مەدەنی کەڵك وەردەگرێت، بێگومان ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین، هیواداریـن بۆ ئەوەش وا بێت .

***لە ماوەی ڕابـردوودا ڕۆژنامەنوسێکی بیانی دەڵێت دوای مەرگی (ماندێلا)، ماندێلایەکی تر لە دایك دەبێت کە (ئۆجەلانە) گوایە ئازاد دەکرێت لە زیندان، شایەتی ئەوەین کە لە وڵاتی(بۆرما) کەسێکی لەم شێوەیە (ئۆنسان سونچی) پاش ئەو هەموو زیندانیکردن و ئازاردانەی دەوڵەتی بۆرما ئازادکراوە، پێتوایە چارەنوسی ئۆجەلان بەم شێوەیە دەبێت کە ئەم ڕۆژنامەنوسە دەیڵێت، یان هەر لە زینداندا دەمێنێتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: من لەو باوەڕەدا نیم ئەو بـەراوردەی (ماندێلا) لەگەڵ (ئۆجەلان) شتێکی دروست بێت، جیاوازییان یەکجار زۆرە بارودۆخی ئەفریقای باشور و شەخسیەت و کەسایەتییان جیاوازە. پێشموابێت ئەمە جۆرێك لە پروپاگەندە و تەبلیغاتبێت لە سنوری خۆیدا بۆ حزبێکی سیاسی ئـەوە ڕێگە پێدراو بێت کە ئەو کارە بکات، بەڵام ئێمە ئەو تەعبیرەمان نییە.

***لە رابردودا باسی ئیمتیازی پارچەکانی باشور و باکور و رۆژئاوادەکەیت، رەخنەشیان لێدەگریت، دەکرێ پێم بڵێیت ئەو ئاڵوگۆڕ و دەستکەوتانە چییە کە لە ماوەی رابـرووودا بۆ خۆرهەڵات یان ئێران بەدەستانهێناوە، یان لە بەرنامەتاندایە بیکەن؟**

ئیبراهیم عـەلـیـزادە: بێگومان ئێمە لە ماوەی سی و پێنج ساڵی رابـردوودا، ئەگەر بە پێوانەی خەباتی چەکداری هەڵمان بسەنگێنن، ئەوا مەوقعیەتی خەباتی چەکداری بـەردەوام لە پاشەکشەدا بوو ئیتر شارمان بەدەستەوە بوو بە جێمانهێشت، لادێمان بەدەستەوە بوو بەجێمانهێشت و سنورەکانمان بەدەستەوەبوو، هاتینە ئـەم دیـو، پارتیزانیمان بـە تــەواوی وەستاندووە، ئەوانە بە پێوانەی خەباتی چەکداری هەمووی لە پاشەکشەدایە، بەڵام بە پێوانەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وانییە، ئەگەر کەسێك بگەڕێت بەناو کۆمەڵگای رۆژهـەڵاتـدا لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتەدا گفتوگۆ بکات سەری سوڕ دەمێنێت کە چۆن دەوڵەتێکی ئیسلامی توندڕەو سەرکوتگەر و بەو هەموو ئیمکانیاتەوە سی و پێنج ساڵە حکومەت دەکـات، بەڵام نەیتوانیوە ئەو خەڵکە چاوترسێن بکات، بـەوەی چۆکیان پێدابدات یان فریویانبدات و بیانکات بە لایەنگر و پشتیوانی خۆی، هیچ کام لەوانەی بۆ نەکراوە، جگە لەوانە جۆرێك لە هۆشیاری سیاسی هەست پێدەکەین کە هەر کەسێك لەگەڵ کەسێکی ئاسایی دادەنیشێت، یان لەگەڵ کرێکارێك، ژنێك، کارمەندێکی خوارەوەی ئیداری هەست بە جۆرێك

تێگەیشتن و فەرهەنگی باڵای سیاسی دەکەین، بەراستی ئەمە فەرهەنگی کارێکی دیاریکراوە.

جگە لەوانە لە ڕووی ڕێکخراوەیشەوە توانیومانە بەشێك لە کەموکوریەکانی رابردوو پڕبکەینەوە من نمونەیەك دەهێنمەوە، وەختێك بوو هەرچی کادر و ئینسانی پێشرەو خۆشەویستی ناو کۆمەڵە بوو هەمووی هاتەدەرەوە بوو بە پێشمەرگە، بەوە جۆرێك لە بۆشایی دروستبوو لە ناوکۆمەڵگای کوردیدا، بەڵام ئێستا دەبینیت لە هەر شار، لادێ، کارگەیەکدا ئەوکەسایەتیانە پەیدا بونەتەوە، جا ئەو کەسانە ڕێکخراوەیان لەگەڵ ئێمە هەبێت، یان نەیان بێت .

دەتوانم بە کۆنکرێتی بڵێم، ئێمە لە سێ بواردا تەشکیلاتێکمان هەیە، دەتوانین حسابی لەسەر بکەین، راستە ئێمە وەکو سەرکردایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات دەژین، بەڵام لە ڕێگایەی ئەو ڕێکخراوانەوە پەیوەندییەکی چڕوپڕمان لەگەڵ کۆمەڵگاکەمان هەیە، بەردەوام ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانیانین و لە ناو ئەو کۆمەڵگایەداین.

دووەم: لە بواری پەرەپێدان بەجۆرێك لە تێکۆشانی یاسایی و ئاشکرا لە چوارچێوەی ڕژێمی دیکتاتۆری جمهوری ئیسلامیدا، ڕاستە خۆی کێشمەکێشێك هەیە لەو بارەیەوە،

هەمیشە رژێم پاشەکشە و پێشرەوی پێدەکات، بەڵام لەژێر ئەو فشارەشدا کۆمەڵێك رێکخراوی مەدەنی خەریکە سەر هەڵدەدەن لە بواری ژینگەپارێزی، کرێکاری، ژنان، یانەی وەرزشی ئەوانە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئێمەوە نییە، بەڵام لە ژێر کاریگەری ئەو فکر و بۆچونەدان کە ئەوە پێشرەوییەکە بۆ دوارۆژ.

سێیەم: لە هەر شارێك و گەڕەکێك کۆمەڵێك کەسایەتی بە چەپ و کۆمۆنیست دەناسرێن، کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکیشیان بە ئێمەوە نییە، بەڵام رژێم ناوێرێت دەستیان بۆ بەرێت، هەموو ئەوانە خەڵك دەیانناسێت و دەزانن کە لە کاتی قەیران و گرفتدا لەکاتی ئەوەدا کە قەیرانێك بەسەر وڵاتدا دێت لە بۆشایی نەبوونی حزب ئەوانە پڕی دەکەنەوە، هەر کەسێك دەتوانێت خەڵکی گەڕەکێك، تەنانەت دەتوانێت خەڵکی شارێك بجوڵێنێت، هەروەها لە هەر هەڵبژاردنێکدا کاندید بێت دەنگی زۆرترین خەڵك بۆ خۆی ڕابکێشێت.

واتە نیشانیدەدات کە ئەو بۆشاییەی کە پێکهاتبوو بەبۆنەی خەباتی چەکداری و هاتن بۆ پێشمەرگایەتی بەوانە پڕبۆتەوە، لە زۆر بواری دیکەشدا بەراستی کۆماری ئیسلامی

ئێران کۆمەڵێك چاکسازی کردووە لە کوردستان، بۆنمونە جادە، کارەبای ڕاکێشاوە بۆ دێهات، ئێستا لە هەرکەس بپرسیت ئەوە بە خەڵاتی ڕژێم نازانێت، چونکە ئەمە بە فشاری ئۆپۆزسیۆن دەزانـــن حـزبـە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن وایانکردووە کە ئەگەر رژێم لێمان نەترسێت ئەوانەشمان بۆ ناکات.

بەو پێوانانە کاتێکیش خۆمان هەڵدەسەنگێنین هەست ناکەین کە شکستمان خواردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاساییە کە ستراتیژی ئێمە نەچۆتە پێشەوە.

***بەڵام ئەم پێشەوەچونانە کە لە خۆرهەڵات هەیە پێویستی بەوە نییە، لێرەش پێشەوەچونێك بێتە پێشەوە، لە نێوان ئێوە وەکو کۆمەڵەکان و هێزەکانی دیموکرات و پژاك، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری لەسەر ناوخۆش هەبێت، کە ئەمە نابینرێت؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان ئـەم دووری و دابرانانە هۆکاری زۆری هەیە، بەڵام ئێمە لە هەرکوێ هەست بکەین بەرژەوەندییەکی باڵای خەڵکی کورد لە گۆرێدایە هەوڵدەدەین ئەو کێشانە فەرامۆش بکەین و بیخەینە لاوە، بەڵام لە کاتێکدا کە بەرژەوەندییەك لە گۆڕێدا

نەبێت ئێمە نامانەوێت جۆرێك لە یەکگرتن و وەحدەتی ڕواڵەتی پێکبهێنین کە سبەینێ بە هەڵوەشاندنەوە و سەرنەگرتنییەوە خەڵك توشی نائومێدی بکەین، بە نمونە ئێستا حزب هەن بەبێ ئـەوەی توانیبێتیان کە لە ماوەی چەندین ساڵ لە دابڕانیان هیچ ڕوونکردنەوەیەك بـدەن بـۆ هـۆکـاری جـیـابـوونـەوەیـان، دووبـارە بڕیاری یەکگرتنەوە دەدەن، خەڵك بەم جۆرە هەڵسوکەوتە لە سیاسەت دوور دەخاتەوەو لە حزبە سیاسییەکان بێزاریان دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر بە پارێزەوە لەو زەمینەیەدا هەنگاو هەڵدەبرین و لەهەرکوێ گرنگی سیاسەتێکی زۆر کۆنکرێت نەیەتە گۆڕێ ئێمە نامانەوێت شتێکی رووکەشی بێت.

***مەبەستت ئـەو یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی شـۆڕشـگـێـڕی زەحـمـەتـکـێـشـان و کـۆمـەڵـەی زەحمەتکێشانە، ئەوەت وتوە کە شتێکی عەجیب نییە کە ئەم دوو هێزە یەکبگرنەوە، وەك چۆن عەجیبیش نییە کە جیابونەوە، لەبەر ئەوەی دەبێ پێویستبوونی جیابوونەوە و پێویستبوونی یەکگرتنەوە بۆ خەڵکیش روونبکەنەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من لەنێوان دیموکراتەکانیشدا هەر وایە بەبێ هیچ هۆکارێکی

سیاسی و کۆنکرێت و قابیلدار بۆ خەڵك، چونکە خەڵك کە دەخەوێت و کاتێك لەخەو هەڵدەستێ بەشێك لەو ڕابەرانەی کە خۆشیدەویستن لەم بەرن، بەشێکی دیکەیان لەوبەرن، تەکلیفی چییە لەو بارودۆخەدا جگە لەوەی کە واز بێنێت لە سیاسەت و لایەنگری بۆ هەردووکیان، بەڵام جیابوونەوەیەك کە لەسەر بنەمای جیاوازییەکی سیاسی کە روونی بکەینەوە بۆ خەڵك و واقعیش بێت لەسەر بنەمایەکی ئاوا نەبێت جگە لە لە نائومێدی هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت.

لەبەر ئەوە ئێمە ڕەخنەی جدیمان هەیە لە جۆری جیابونەوەکان، هەروەها پێمانوایە یەکگرتنەوەکانیش دەبێت جۆرێك لە رونکردنەوەی بۆ خەڵکی تێدا بێت.

***کەواتە دەتەوێت بڵێیت جیابونەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان، حزبی دیموکرات لە حزبی دیموکراتی کورستانی ئێران جگە لە شتێکی شەخصی هیچی دیکە نەبووە، دەبێ ئەوە بۆ خەڵك روونبکەنەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: شتی رێکخراوەیی و شتی شەخصی و عاتیفی ئەو شتانەیە، هیچ هۆکارێکی سیاسی جدی لە پشتەوە نییە .

***ئەی بۆ پێتوانییە کە ئەوە ئەرزشێکی باشی هەیە، لایەنیکەم ژمارەیەکی کەم لە ناوی کۆمەڵەکان کەم دەبێتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: پێمان باشە، زۆر لەگەڵ ئەوەین کە ئەو کارە بکرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت ئەوە پشتی بە جۆرێك لە ڕەخنە لەخۆ بەستبێت کە ئەو خەڵکەی بەو حزبانەوە ماندوون پەندی لێوەر بگرن، ئەمە داوایەکی ئێمە بۆ ئەو مەسەلەیە.

***باشە ئەگەر لە داهاتوودا ئێوە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی (عەبدوڵای موهتەدی) یەکتانگرتەوە، رونکردنەوە بۆ خەڵك دەدەن ، کە جیابونەوەتان و یەکگرتنەوەتان لە پای چی؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان شتی وا ڕوبدات دەبێت ئەو رونکردنەوەیە بدەین، بەڵام ئێستا ئەو جیابونەوەیەمان زۆر جیابونەوەیەکی سیاسی بوو، جیابونەوەك بوو لەسەر بنەمای و خەتی سیاسی، ریبازی، ستراتیژ، بیروباوەر، بەرنامە جیاوازین.

جیاوازییەك کە تەواو لە نێوان هێزێکی کۆمۆنیست بە بەرنامەو ڕێبازێکی دیاریکراوەوە لەگەڵ هێزێك کە خەبات و خەتی ناسیۆنالیستی

هەڵبژاردووە.

***لە چەند ساڵی رابـردوودا فراکسیۆنێك بە ناوی فراکسیۆنی ڕەوتی سۆسیالیستی لە ئێوە جیابونەوە، بەڵام بارودۆخیان روو لە خراپییە قسەیەك هەیە کە هەندێك لەوانە و هەندێك لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بیانەوێت بگەرێنەوە ناو کۆمەڵە، ئێوە لەم بارەیەوە ئامادەن پێشوازییان لێ بکەن، یان قەید و مەرجێکتان هەیە بۆ گەرانەوەیان؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە کاتی خۆی وەختێك حزبی کۆمۆنیزمی کارگەری لە ئێمە جیابونەوە، دوای چەند ساڵێك ژمارەیەکی بەرچاو لەو کادرانەی کە لەگەڵ ئەوان چووبوون ئامادەییان دەربڕی کە بگەرێنەوە.

ئێمە ئەوکاتە بریارێکماندا، کە دواتر کۆنگرەکەشمان ئەو بریارەی پەسەند کرد، ئەوەی کە هەموو ئەو هاوڕێیانەمان کە رۆیشتون رۆژێك لە رۆژان کە ئەندامی حزب بوون ئێستا دەیانەوێت بگەرێنەوە وەك ئەندام بگەرێنەوە، نەك بێنەوە ناو ئێمە و دووبارە بە پرۆسەی بە ئەندام بووندا تێپەڕ بن.

چاوەڕێی ئەوە دەکەم، کە ئەگەر روداوێك لە ناو هاورێیانی پێشوی ئێمە لە رەوتی

سۆسیالیستیدا شێوە بگرێت چاوەڕێی ئەوە دەکەم کە کۆمەڵە، حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش هەر هەمان هەڵوێستی هەبێت، ئەو هاورێیانەش بە باوەشی کراوەوە وەربگرێتەوە .

***ئەو قەیرانانەی لە ماوەی رابـردوودا توشی رەوتی سۆسیالیست و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بۆتەوە، ئێوە دەتانەوێت ئەوە بە ئیمتیاز نیشان بدەن روو بە کۆمەڵەی رۆژهـەڵات کە کۆمەڵە لەسەر واقعیەتێکی پێشبینیکراوی کە هەیبووە و بەرچاوی گرتووە، ئەوانەی کە پێیانوابوو کە کۆمەڵە زەمینەیەکی نییە، حزبی کۆمۆنیست ناتوانێت کاریگەری دابنێت، ئەو ناوە ناتوانێت وەڵامـدەرەوە بە خواستەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان بێت واقیعی دەرنەچووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە راستیدا ئەوەی کە ئێمە بە خەڵکی کـوردی و جەماوەری خەڵکی کورستانی دەڵێین ئـەو هـێـزانـەی کـە لێرە جیابوونەوە ئەمانە رەقیبی ئێمە نین، واتە ئەوانە هێزگەلێکن کە بۆشاییەك پڕ ناکەنەوە کە ئێمە خەریکین پڕی دەکەینەوە، ئەوە ئێمە وجـودی کۆمەڵە لە کوردستان بۆچی گرنگ و پێویست بـوو، چونکە بۆشایی و وجـودی رێکخراوێکی چەپ و سۆسیالیست لە کوردستان

هەستی پێدەکرا، حزبی دیموکرات ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ نەدەکرایەوە کۆمەڵە هات ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە.

ئەوان کە لە کۆمەڵە جیابوونەوە لە راستیدا رەقیبی حزبی دیموکراتن، واتە ئەوان کێشەیان لەسەر پێگەی حزبی دیموکراتە، کێشەیان لە پێگەی ئێمەدا نییە، چونکە ئەوان نازانن وازیان لەو پێگەیە هێناوە، لەبەر ئەوە ئێمە کێشەیەکمان لەگەڵ ئەواندا نییە، بۆ ئەوەی کە روونکردنەوەیەك بدەین بۆ هەبوونیان لە کۆمەڵگای کوردستان.

تەنیا مەسەلەیەك کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئێمە کە لە ناوی کۆمەڵە کەڵك وەردەگرین بە لە بەرچاوگرتنی خۆشەویستی کۆمەڵە، تێکەڵاوبونی ئەو ناوە بە سونەتی خەباتێکی درێژ ماوە لە کوردستان و خوێنی هەزاران گیان بەخت کردوو، لەبەرئەوە پێمانوایە قازانجکردن لەو ناوە شەرعییەتی نییە، ئەوە یەکێك لە هۆکارەکانە .

هۆیەکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە بە هەر نسبەتێك کە هەست بکەین وەك ئەوان دەوریان هەیە لە ساحەی سیاسی کوردستاندا، دەوریان هەیە لە چارەنوسی خەڵکی کورد بە

هەر ژمارەیەك لێیان نزیکدەبینەوە کێشە نییە، هەروەك ئەوەی کە لە حزبی دیموکرات نزیك دەبینەوە.

***بەبۆچونی تۆ ئەگەر بەجیابونەوەیەك ئەو هێزانە بە رەقیبی حزبی دیموکرات دەناسرێن، ئەی بۆچی هێزێکی وەکو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان هاوپەیمانیەتی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەستووە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەوە بە لای منەوە ئاساییە، لەبەر ئەوەی کە هاوپەیمانن، لەگەڵ ئەوەشدا ململانێیان هەیە، ئەو جۆرە هاوپەیمانیانە بەشێکە لە ململانێکە .

***پێت وانییە ئەو هاوپەیمانیەتەی نێوانیان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و حزبی دیموکراتی کورستانی ئێران، رووی لەوەیە کە بە ئێوە و لایەنەکانی دیکەش بڵێن کە ئەوان نوێنەرایەتی دوو باڵی سەرەکی کۆمەڵە و دیموکرات دەکەن لە کوردستانی رۆژهەڵات؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئاخر ئەوە رێکلامە، بەڵام لە واقعیەتدا ئەوانە جێگایەکیان نییە.

کۆمەڵگای کوردستان وایان ناناسێت، نە حزبی دیموکرات ئەو حزبی دیموکراتەی جارانە، نە ئەمانیش توانیان لە ژێر ناوی کۆمەڵەدا

کۆمەڵەیەکی دیکە بە خەڵك بناسێنن.

***تۆ چەند کۆمەڵە بە رەسمی دەناسییت لە ئێستادا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: مەسەلە بە رەسمی ناسین نییە، مەسەلە ئەوەیە کە چەندێك هەیە. نەدەبوایە بەو ناوەوە بونایە، لە هەر وڵاتێکی پێشکەوتوی دنیا کە قانونی ئەحزاب هەبێ رێگا نادات بەوەی کە حزبێك لە خۆوە ناوی حزبەکەی دیکە هەڵبژێردرێت، دەبێت بە لایەنی کەمەوە شتێك جیاوازی تێدا هەبێت و ناوکێکی تریان هەڵبژاردبایە .

بەڵام لە مەسەلەی بە ڕەسمی ناسیندا، ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەیی لەگەڵیان کۆبوینەوە و دانیشتمان کردووە، تەنانەت ئێمە لەسەر ئەو کێشانەی کە لە هەرێم و عێراق دێتە پێشەوە بەردەوام پەیوەندی و هەماهەنگیمان هەیە.

***قسەیەك هەیە لەوەی کە ئێوە وەکو ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی - کۆمەڵە، لەماوەی رابردوودا بە جۆرێك لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران، حزبی کرێکارانی ئێران -حکمەتیست، چونەتە پێشەوە و تۆمەتبار دەکرێن بەوەی کە لە رابردوودا ئەم حزبانە بوون کە کۆمەڵەیان بەم رۆژەگەیاند، ئەوە چ خێرە**

**که ئێستا پەیوەندییەکانتان لەگەڵیان ئاسایی بۆتەوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە کە بەناوی (پرۆژەی چەپی ئێران) لەو پرۆژەیەی ئێمەدا هیچ تایبەتمەندیەك بۆ ئەو هێزانەی کە خۆیان بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست دەزانن، هەڵوێستیان لە بارەی ئێمە چی بووە، کەی چ وتاریێکیان لە دژی ئێمە وتوە، لەگەڵ ئێمە بوون یان لەگەڵ ئێمە نەبوون، هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نابینین داوامان لەیەکە یەکەی هەموان کرووە کە بیست و حەوت حزبی ساسین، لەگەڵ هەموویان هەوڵمانداوە لێیان نزیك ببینەوە، لەم حزبانەش کە بەناوی کارگەڕ و کۆمۆنیستەوە کاردەکەن، هەوڵمانداوە لەگەڵ ئەوانیشدا دیالۆگ یان لەگەڵ بکەین و کۆبونەوە و تەشویقیان لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی کە بەو کۆڕو کۆمەڵە پەیوەست بن.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە، ئەو حزبی کارگەر و کۆمۆنیستانە بە لای خۆماندا ڕابکێشین، لەگەڵ باڵێك لەوان کە بەناوی حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران دەناسرێن، لەگەڵ ئەو باڵەیان نزیکایەتی و دیالۆگێك بەرقەرار بووە، کە ئێمە هیوادارین بتوانین ڕازیان بکەین

بەوەی کە ئەوان واز لە سێکتاریزمێك کە هەیانە بێنن، هەروەها بێننە ناو ئەو کۆبونەوە و (تجموع) ەی کە حزبە چەپەکانی ئێران پێکیان هێناوە، تا ئێستا، کە سێ کۆبونەوەی سالآنەمان کردووە لەو بیست و حەوت حزبە، کە تەنیا لە یەکێکیاندا حزبی کۆمۆنیستی کارگەری بەشداری کردووە، بەهەرحاڵ دەمـەوێـت بڵێم کە سیاسەتێکی تایبەتی جیاواز کە بەرامبەر بە تەواوی چەپی ئێران هەمانە، واتە یەك پێوانەمان هەیە و یەك ئامانجی لە پشتە لە هەڵسوکەوتمان بەرامبەر هەموو هێزەکان.

***ئەو بۆچوونە لە وەلآمی کێ دایە کە مەیلێك، گەرایشتێك هەیە کە پێیوایە نزیکبوونەوە لە حزبی کرێکاری ئێران و حیکمەتیست، هەر ئەوەندە خەتەرە و ترسناکە کە لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتدا دادەنیشین کە بەسەدان شەهیدمان لەو نێوانەدا داوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەڵبەتە ئەوە واقعییە ، خـەتـەرێـك لـە گـۆرێـدا نییە، بیانو بـوو بۆ گفتوگۆ لەنێوان ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆن کە دانیشتنەکانیان بیانوگرتنیان بەرژەوەندییەکی گشتی جەماوەری تێدا بێت شتێکی ڕێگەپێدراو

ئاساییە.

لەناو ئێمەدا لەسەر مەسەلەی هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە حزبی کۆمۆنیستی کارگەری بۆچونی جدی جیاواز نییە، واتە بۆچونێك کە لایەنگرانی زۆر بێت، یان بەرهەڵستێکی رێکخراوەی بەهێز لەو بارەیەوە بوونی نییە.

***واتە بۆچونێکی جدی هەیە، بەڵام زۆر نییە، بەشێوەیەکی تر بۆچونێکی جیاواز هەیە، بەڵام کەمینەیە پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەواندا؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەڵێ هەیە، بەڵام تەنیا بە حزبی کۆمۆنیستی کارگەری گرێ نادرێ و ئەو بۆچونە تەواو پێیوایە کە هەوڵدانە لەگەڵ چەپی ئێران، سەمەرێکی بە گشتی لێناکەوێتەوە.

*** بۆچونی ئێوە لەم بارەیەوە گرنگە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: ئەمە پرۆژەیەکی زۆر بەسوودە، دەتوانێت رێگە خۆشکەر بێت بۆ کاری گەورەتر، ئێمە هەموو هەوڵەکانی خۆمان بۆ یەکخستنەوە و نزیکخستنەوەی چەپی ئێران تەنیا لەو پرۆژەیەدا نابینین، بگرە ئەمە تەنیا گۆشەیەکییەتی، چەندین لایەنی دیکەش هەیە کە لە بریارنامەیەکدا تۆمارمان کـردووە، بۆ خۆم لەگەڵیدام و بەتەواوی پێموایە باشە، تا ئێستاش دەسکەوتێك کە بویەتی کەشوهەوای

ناو هێزەکانی چەپی ئێرانی ئارام کردۆتەوە.

تا پێش ئەو هەولانە، ئەمان وەختێك کە قسە و دیالۆگیان لەگەڵ یەکتر دەکرد، زمانێکی زۆر زبریان بەکار دەهێنا، ئێستا ئەو زمانە گۆڕاوە، گفتوگۆ و دیالۆگ دەکەن، ڕەخنە لەسەر شتی لاوەکی لەیەکتر ناگرن، فەزای سێکتاریستی و ڕێکخراو پەرستی لە نێوانیاندا گۆراوە، ئەوە دەستکەوت بووە راستە ئەوە شتێك نییە، چونکە چەپی ئێران هەر ئەوە نییە بەڵکو دەبێت ئێستا لەو کۆمەڵگا گەورەیەدا ببینرێتەوە کە بە بیروبۆچون و فکر و بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە وەکو چەپ دەناسرێت.

***باشە لەوە دەتانەوێت بگەن بە چی، لەکاتێکدا تۆ باس لەوە دەکەیت کە ئێوە خەریکی هاوپەیمانیەتێك، یان نزیك بونەوەیەك، یاخود دانیشتن و جەلەسەیەك لەگەڵ بیست و حەوت حزبی چەپی ئێرانین کە لەکاتێکدا ئەمانە بەبۆچونی من ئیمکانیاتێکی وایان لەبەردەستدا نییە، تەنانەت پێگەو جەماوەریان نییە و نابیندرێن لە سنورەکان لە بە ئێرانیش روو بەدەرەوەن، دەتانەوێت ببن بە چی؟ لە کاتێکدا ئامادەنین لەگەڵ هێزێکی وەکو دیموکراتدا ڕێکەوتنێك بکەن؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لاوازبـوون و کەمبونی ئەو حزبانە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزا دیکتاتۆری و سـەرکـوتـگـەرەی لـە ئێراندا لە ئارادایە، ئەگەر فەزای سیاسی ئێران بگۆڕێت، واتە کەشوهەوای سیاسییان بە هەر هۆکارێك بێت جۆرێکی دیکەی لێ بێت کە ئەو هاوسەنگییە راگرێت، هەموو ئەو حزبانەی کە ئێستا زۆر بچوك بەنمونە وەردەگـرن هەرکامەیان بەشی خۆیان خەڵك لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، ئەوە ئەزمونی شۆرشی ٥٧ ئەوەی نیشاندا، لەبەر ئەوە ئێمە پێوانەمان تەنیا مەوقعیەتی ئێستایان نییە، بەڵکو هەبونی ئەو بۆچون و فکرەیە لەناو کۆمەڵگادا کە دەتوانێت لە کاتی خۆیدا ئەو حزبانە گەورە بکات و بیانهێنێتەوە ڕوو، ئەوە سەرمایەگوزارییەکە لەو وەخت و کاتەدا ئامادەکارییەکەو دەورانێکە بۆ گۆڕانکاری کە لە ریدایە، بۆ نمونە لە میسر یەکێك لە کێشەکان ئەوە بوو، لە کاتێکدا هێزیان زۆر بوو، تواناکانی چەپیش کەم نەبوو لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، بـەڵام وەختێك کۆمەڵگای میسری پێی نایە دەورانی ئەو بارودۆخەوە هیچ هەماهەنگییەکی پێشتر نەکرابوو بتوانن کە دەنگیان لە دەنگی ئیسلامییەکان و لیبراڵەکاندا دانەپۆشرێت و خەفەنەکرێت.

***هێشتا لەسەر ئەوە باوەڕەیت کە حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەهێزترین باڵی چەپی بزوتنەوەی کرێکارییە لە ئێران، کۆمەڵە بەهێزترین بزوتنەوەی باڵی چەپ و شۆڕشگێرە لە کوردستانی ئێران؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: لە ئێستادا پێوانەیەکی کۆنکرێت نییە لە ئاستی ئێراندا، حزبی کۆمۆنیستی ئێران یەکەم حزب و بەهێزترین حزبە، بەڵام چەند نیشانەیەك هەیە بەنمونە حزبێکین کە کەناڵی تەلەڤیزیۆنەکەمان زۆر دەبینرێت، ئەمەش بە نمونە هەموو ڕۆژێك لایەنیکەم بیست تەلەفۆن لە ناوەوەی وڵات دەکرێت، بۆ ئەوەی پەیوەندیمان پێوە بکەن.

هەروەها لە ئێران لە چەند شوێنێك کە ڕەخنە و گلەیی هەیە بە تایبەت لە شوێنە کرێکارییەکاندا ئێمە دەنگی شیعارەکانی خۆمان دەبیستینەوە.

ئێمە ناتوانین خۆمان بەراورد بکەین بەسازمانی فیدایی ئەقەلییەت، رای کارگەر، بەڵام ئێمە حزبێکین ئیمکانیاتی باشمان هەیە لە بواری میدیایی و تەبلیغاتەوە، ئێمە حزبێکین لە رووی ژمارەی ئەندامانمانەوە، ئیتر ئەوە دەکرێت بژمێردرێن. لە دەرەوەی وڵات کە

جگە لە (موجاهیدین) لە هەموو سازمانەکانە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانی، نەك هەر چەپ لە رووی ژمارەی ئەندامەوە لە هەموویان زۆرترمان هەیە .

تواناى خۆپیشاندان و گردبونەوە و ئەوانەمان لە وڵاتانی ئەوروپای لە زۆربەی زۆری ئەو حزبانە زۆرترە، ئەمانە پێوانەن، بەڵام هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە من بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئێمە بەهێزترین و گەورەترین هێزی چەپی ئێرانین، بەڵام لەو ئیمکانیاتە و پێداویستییە بەهرەمەندین کە بتوانین حزبەکان و هێزەکانی دیکە لە دەوری خۆمان کۆبکەینەوە، یان ببین بە هەوێنی رێکەوتنیان.

*** کاتی خۆی بۆچونت وابوو لەسەر بەهاری عەرەبی کە رەخنەو نارەزایەتی چەند ساڵەی خەڵکە بەرامبەر ئەو سیستمە تۆتالیتارییەی کە دیکتاتۆر و ئیستیبدادانە ئاڵوگۆرێك روویدا باشترین نمونە لەو ئاڵوگۆرانە کە چاوەروان نەکراوبوو دەسەڵات دەستگرتنی ئیخوان و دواتر پاشە کشەپێکردنی و تەنانەت زیندانی کردنی یەکێك لە رابەرانی و گروپە و کردنە ئەو لیستەی کە ئەمانە یاساغ کراونن پێتوایە بەهاری عەرەبی مەرجەکانی خۆی پێکاوە، یان درێژەی هەیە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان قەیران درێژەی هەیە لەو وڵاتانەدا یەکلانەبۆتەوە، بەڵام هیچ زەمانەتێك نییە، بۆ ئەوەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە هەردەبێت بەسەرکەوتن دەگات، لە لیبیا پێشمانوایە تەواو بووە، بەڵام ئەوەتا ژێرباری دەخالەتی چەکدارانەی دەرەوە لە ژێر باری کۆمەڵێك ئەو بارودۆخەی کە لەوێ هاتە گۆڕێ لە بارچوو تەواو بووە، لە سوریا تەواو بووە، لە میصر و تونس هێشتا کراوەیە، کە هێشتا زەمینەی سەرهەڵدانی هەیە وەکو ئەردەن و مەراکیش و جەزائیر تەنانەت عەرەبستانیش و قەتەر و ئەم وڵاتانەش تەنیا تایبەتمەندیان ئەوەیە کە ئەمان بەکرێکاری بیانی بەرێوە دەچن، واتە کرێکاری بیانی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بەرهەمهێنان و چەرخی ژیانن لەبەر ئەوە توشی قەیران نەبوون ئێستا، بەڵام ئەو قەیرانە لە ڕێدایە لەو وڵاتانەی کە داینەکردووە، لەگەڵ جەزیرە شکستی خواردووە، شکستەکە زۆر ترسناکە بۆ لیبیا و سوریا، بەڵام لە وڵاتی میصر وڵاتێکی زیندوترە هێشتا مەجال هەیە .

بەبێ ئامادەی پێنانە ناو شۆڕش بەبێ ڕێکخراوەی بۆ ناو شۆڕش چارەنوس لەوە زیاتر نابێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وابوو هەر

روخاندێك ئەوە بە قازانجە، بۆ ئێمە تەنانەت دروشمی روخاندنیش کۆماری ئیسلامی ئێرانی دروشمێکی تاکتیکی رۆژ نییە، ئێمە هەموو رۆژێك ئەوە دوپات دەکەینەوە، واتە هەر کەس بێت بیروخێنێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لەوانەیە بەسەر خۆماندا بروخێت.

***لەماوەی رابردوودا ئاڵوگۆڕێك لە ئۆکرانیا پێکهاتووە، هەندێك پێنوایە ئەوە درێژەی بەهاری عەرەبی یە، هەندێکی دیکەش دەڵین، نەخێر هیچ خاڵێکی هاوبەش نییە، لەنێوانیاندا راپەرینەکانی بەهار عەرەبی و ئاڵوگۆڕێك کە لە ئۆکراین پێك هاتووە، ئەمە جگە لەوەی ململانێکی بەرژەوەندیخوازانەی نێوان ئەمەریکا و روسیایە، چی لەوە دەخوێنیتەوە لەکاتێکدا بەشێك خەڵك داخوازن ببن بە بەشێك لە ئەوروپا، بەشێکی تریان پەیوەستن بە روسیاوە؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بێگومان ئەو قەیرانەی کە لەوێ رویداوە ریشەی لە کێشەکانی ناوخۆی ئەو کۆمەڵگایەدایە، بەشی زۆری سەرچاوەکەی لەوەدایە کە ئەو پێشبینی و ئارەزوانەی کە خەڵك بۆیان وای ئەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرد، کە لە ژێر سیستمی تازەدا ژیانێکی تازەیان بۆ

بەدی بێت ئەو ئارەزوانەیان بەدی نەهات.
ئێمە پێمانوانییە، کە ئەم قەیرانانەی کە لەوێدایە لە ئاکامی دەست تێوەردانی دەرەکی یە روسیا و ئەوروپا دەیانەوێت بیکەن لەوێدا.
بەلاّم ئەمە لەکاتێکدا کە کۆمەڵگایەك توشی قەیران دەبێت بەدیل و ڕێگایەکی دیکە نییە، جەماوەر بە نزیکترین ڕێگا چارەسەرێك کە لەبەردەستیدایە ئەوە دەکات، بۆ نمونە بەشێك لە جەماوەری نارِازی خەڵکی ئەو ولاّتە رویانکردە بەدیلی ئەوروپای و رەخنەیان لە ولاّتەکەیان ئەوە بوو، کە ئێوە دوای ئەوەی لە ژێر باری سۆڤیەت هاتونەتە دەرەوە قەراربوو، کە سیستمێکی پێشکەوتوی سەرمایەداری تێر و خۆشگوزەران وەکو ولاّتانی ئەوروپای مامەڵەبکەن و بەو جۆرەبن، ئەی کوا بۆ ئێمە وەکو ئەوانمان لێ نەهاتووە ئاسۆکەیان بووە ئەوروپا، لە لایەکی دیکەشەوە بەشێکی تریان ئەوە بوو بیریان لەوە کردەوە، کە ئەوە رێگای رزگاری نییە دەبێت بۆ ئەڵتەرناتیڤی تر بگەرێن، وەختێك ئەو ئەو قەیرانە روویدا پێشتر زەمینەی ئەو قەیرانە هەبوو، جا ئەوروپا و روسیا کەوتنە دەست تێوەردانیەوە و هەرکەسیان هەوڵیان دەدا کە بەدیلێك لەبەر چاوی خەڵك بگرن،

بۆیە بەیەك مانا سەرچاوەی ئەو قەیرانە لەوێدا سەرچاوەیەکە کە کێشمە و کێشەکانی ناوی خۆی وڵاتەکەدایە، بەڵام نەبوونی بەدیل هەروەك چۆن لە وڵاتی میصر بە دیلێك نییە، کە خەڵك پەنا دەبات بۆ ئیسلامی و دوای لەویش بێزار دەبێت هەوڵدەدات ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە، لە ئۆکرانیاش بەدیلێکی دیکەش نییە جگە لە ئەڵتەرناتیڤێك کە ئەوروپاییەکان لەبەردەستیان داناون، یان ئەحزابی ڕاسترەو تەنانەت نەژادپەرستیش دەیخەینە بەردەمیان ئەمانە تایبەتمەندی قەیرانە، کە کۆمەڵگایەك توشی قەیران دەبێت هەموو خەڵکەکە دەکەونە بارودۆخەکەوە، کە دەبێت بەپەلە هەڵوێست وەربگرن، چونکە قەیرانەکە بەپەلە و خێرا هاتوە و ڕۆیشتووە.

***هێشتا گەش بینیت بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم؟**

ئیبراهیم عەلیزادە: بەبڕوای من تەنیا ڕێگایە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەنییە، واتە نە ئەم بارودۆخەی ئێستا قبوڵە لە هیچ کوێی دنیا، نە خەڵکی خودی ئەو وڵاتانەش بە چاوپۆشی لەوەی کە سۆسیالیزمیان قبوڵە، یان قبوڵ نییە ئەوەیە نارازین، ناڕەزایەتی سەرتاسەری وڵاتانی

دنیای داگرتووە لە وڵاتێکی زۆر پێشکەوتوی وەکو سوید تا فلیپین، ئەندۆنیسیا، رۆژهەڵاتی ناوەراست نابینیت لە هیچ وڵاتێك خەڵك هەست بەوە بکات، کە ڕازی یە بەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژی، لەبەر ئەوە ئەو نارەزایەتی یە بەدیلی چی یە، لەکاتێکدا لیبرالیزم نەیتوانی و بەبن بەست گەیشت، نیوە لیبرالی هات بە سیاسەتی ئابوری و هەموو شتێکی ترەوە، کە ئەویش هەموی ڕامالڕا لە هیچ کوێ سەقامگیرنەبوو، ئیسلام هاتووە بە دیلێکی ئابوری و سیاسی نەهێناوەتە کایەوەلە هیچ وڵاتێکدا و ئەزمونەکەی شکستی هێنا، ئایا بەشەر دەیەوێت هەر خۆی بدات بەدەستی ئەو چارەنوسەوە باوەڕ ناکەم، ئەگەر خۆی نەدات بەدەستەوە چ ڕێگایەکی لەبەردەستدایە، بەڵام ئەوە ئارەزویەکە و ئاواتێکە بۆ دوارۆژ کە لەسەر بەتێنی شتێکی واقعی دامـەزراوە نەك لەسەر تەنیا پێخۆش بوونی ئێمە، بۆیە نرخ و ئەوەی کە ململانێی بۆ بکەیت.